# دواڕۆژ

بڵاوکراوەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

ژمارەی ١٣٠ - ساڵی دەیەم

١٨ی گوڵانی ١٤٠٤ی هەتاویی



پرسە بنگەییەکان بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان 9





کوردستان و ڕۆژی کرێکار 6


سەروتار

## یەکگرتوویی ڕێگا چارەیە

### کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردی ڕۆژئاوا وەک نموونە

عەتا ناسرسەقزی

کوردی ڕۆژئاوا ڕۆژی ٢٦ی پەیریلی ٢٠٢٥ ڕۆژێکی مێژویی بۆ خۆی تۆمار کرد. لەپاش هەوڵێکی زۆری چەندین وڵات و لایەنی سیاسی و کەسایەتی دیاری کورد، پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر هاوهەڵوێستی و چۆنیەتی بەشداریکردنی یەکگرتووانەیان لە داهاتووی سوریادا، کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردی ڕۆژئاوایان لە شاری قامیشلۆ سازدا.


کۆنفرانسەکە لە دوای هەوڵی بەردەوامی چەندین کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان چ لەسەر ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی هاتەبەرهەم. لە کوردستان حیزب و کەسایەتییە دیارەکانی باشور بۆ لێک نزیک کردنەوەی لایەنەکانی ڕۆژئاوا چەندین هەوڵیان گرتەبەر کە بە کۆبوونەوەی نێوان بەڕێزان مەزڵوم عەبدی و مەسعود بارزانی دەستی پێکرد و دیداری تریشی بەدواوە بوو. لەئاستی دەرەوەی کوردستانیش وڵاتانێک وەک ئەمریکا و فەڕانسە و ئاڵمان لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە. ئەگەرچی بە بڕوای من هەوڵە دەرەکییەکان بە تایبەت گوشارەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوایی بوو کە لە ئەنجامدا کۆبوونەوەکە ئەنجامدرا و دەرەنجامی کۆنفرانسەکەی بوو بەوەی کە بڕیارە کورد وەک شاندێکی یەکگرتوو لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی سوریادا بەرەوڕوو ببێتەوە.

سەرەڕای رەخنەی ئەوەی لە کۆنفرانسەکەی قامیشلۆدا هیچ لایەنێکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار نەبوون و بە پێی سەردێڕ و دروشمی کۆنفرانسەکەش ببوایە باش بوو نوێنەر یان نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش بەشداری کۆنفرانسەکە بوایەن کە وەڵامی ئەم رەخنەیە بۆ بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەکە بەجێدەهێڵین، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەم کۆبوونەوانە بریتی بووە لە هاندانی لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بەتایبەتی پارتی یەکێتیی دیموکرات (پەیەدە)و ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سوریا (ئەنەکەسە) وەکو دوو لایەنی سەرەکی کوردی ڕۆژئاوا، بۆ گەیشتن بە هاوهەڵوێستیو یەکڕیزی تا بەرامبەر بە دەوڵەتی ناوەندیی دیمەشق کورد بە یەکگرتوویی دەربکەوێت.


›› لاپەڕە ٣


# مافی نەتەوەی کورد
# مافی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردە

دواڕۆژ



لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا چاوچنۆکیی سەرمایەداران گوشاری زیاتری خستووەتە سەر کرێکاران و هەڵگیرسانی شەڕەکان لە چەندین شوێنی جیهان و ئاکامە ئابوورییە خراپەکانیان تەنگی بە چینی کەمداهات تەنانەت لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا هەڵچنیوە. دەسەڵات و دەوڵەتە ڕاستەکان کە پارێزەرانی توندوتیژترینی چەوساندنەوەن، لە زۆر وڵاتی جیهان قازانجی سەرمایە گەورەکان بە قیمەتی خراپتر بوونی ژیان و بژیوی خەڵک دەپارێزن و هێرشێکی تازەیان بۆ سەر دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و ڕەوتی چەپ دەستپێکردووە. شەڕ و بەرانبەرکێی هێزە گەورە قازانجپەرەستەکان لە هەموو جیهان بووەتە هۆی زیادبوونی گوشارەکان بۆ سەر خەڵکی کەمداهات و چینی بێبەشی کۆمەڵگا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی سیاستی داگیرکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئابووریی ڕانتخور و نەخۆشی ئەو حکوومەتەدا زیاترین بەشی لەو گوشار و هەژارییە بەرکەوتووە. دابەزینی نیرخی تمەن بەرانبەر بە دراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئاکامی سیاسەتە هەڵەکانی حکوومەتی تاراندا و شکستی سیاسەتی ناردەکردنی تیرۆریزمی حکوومەتی ئێران و ئاژاوەگێڕییەکانی حکوومەت لە ناوچەکە، گرانی و هەڵاوسانێکی لەڕادەبەدەری بەدواوە بووە کە گوشارێکی زیاتری خستووەتە سەر خەڵکی کوردستان و بەتایبەت چینی کەمداهات.

لە باری مێژووییشەوە لە کوردستانی داگیرکراودا و لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا نادادپەروەری لە دابەشبوونی سامان لە کۆمەڵگادا هۆکاری زۆربەی هەرەزۆری گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بووە و چینی بێبەشی کۆمەڵگا زەرەرمەندی سەرەکیی ئەو نادادپەروەرییە بوون. لاوازیی گەشەی ئابووری، نەبوونی دەرفەتی کار بە ڕادەی پێویست لە کوردستان، بێبەشبوون لە ئیمکاناتی یەکسان بۆ کارکردن، تەندروستی، شوێنی باش بۆ ژیان و خۆش بژیوی و بێبەشبوون لە دەرفەت و هەلی یەکسان بۆ خوێندنی باڵا و پێشکەوتن و مەترسیی تووش بوون بە گرفتی کۆمەڵایەتی و هتد... لە خەسارە سەرەکییەکانی ئەو دابەشبوونە ناعادڵانەیەن.


›› لاپەڕە ٣


## سنەی قارەمان، ٢٤ ڕۆژ بەرخۆدانت باش..





5


## ڕانانی کتێبی (کرێکاری مردوو)


4

# یادێک لە وەفادارانی شۆڕش

**ع. ئاجیکەند**



لە ئێوارەیەکی هێمن و هەوایەکی سافی بەهاری دا، گەواڵە هەوری ئەرخەوانی خاڵ خاڵ سوور و سپی، هێور هێور بە سەر شاخ و دۆڵەکاندا تێدەپەرین. پەڵکی دارەکان تازە لق و پۆیان خوێنی شینی بەهاری تێدەگەرا و چڕ و چڵیان ئاڵەسەوز دەبوون. ئەویندارانی باخی ژین، تازە خەریک بوون گوڵ و شکۆفەی دڵیان بۆ باڵداری سرک و نەوەستی خۆشەویستی دەکردەوە. ئێوارە بوو، کیژی خۆرەتاو تازە بە تازە خەریک بوو پرچە خاوەکانی لە بەر دەم ئاوینەی چەمدا شانەبکا. بولبولێکی ئاشق و مەست لە سوێی گوڵی پاوان، تازە بە تازە خەریک بوو گەرووی بۆ چریکەیەکی ئاگرین و سێحراویی نوێ ئامادە بکا.

چرکەی زەمان زەنگی رۆژی ٢٥ی گوڵانی ١٩٨٨ی بە گوێی هەموو زیندەوەرانی دۆڵی بۆتێ راگەیاندبوو، ئێوارە بوو، لە پڕ هەموو نازی بەهار و سەوزایی باخ و ژوان و دڵداری گوڵان و چریکەی بولبولان و سۆزی ئاشقانی ئازادی تێک ئاڵۆزکا و شێوا..

لە پڕ ئاسمان تاریک داهات. شاخ پارچە پارچە بە سەر دەرە و دۆڵ و چەم و دارەکاندا رووخان. شریخەی فرۆکە شەڕکەرەکان، گرمەی و گەردەلوولی ناپاڵم و پڕانی تۆزی سیانور و خەردەل و سارین ئەم ناوەیان تار و مار کرد و هەموو شتێک لەبەریەک ترازا.

٣٧ساڵ لەمەوبەرو لە ئێوارەی رۆژی ٢٥ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، چەند تەیارەی بومب هاوێژی رژیمی بەعسی عێراق، لە ئاسمانی ئۆردوگای " بـۆتێ " دەرکەوتن و لە کردەوەیەکی جینایەتکارانەدا، "بـۆتێ"یان بەچەکی شیمیایی بومباران کرد. بەم جۆرە کارەساتێکی دڵتەزین خولقا کە خەمێکی یەکجار قورسی خستە سەر دڵی هەموو هاوڕێانی کـۆمەڵە و خەڵکی کوردستان و هەموو مرۆڤدۆستانی ناوچەکە لە دۆلی بالیسانی کوردستانی عێڕاق.

ئـەوکات هاوڕێانی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بنکەو بارەگاکانی خۆیان چاوەڕێی هاتنی گوڵ و سەوزەڵانی و شنەی بای بەهاریان دەکرد، لە کاتێکدا ناوچەی جوان و سەرسەوزی بالیسان و ناوچە شاخاوییەکانی دۆلی بۆتێ بەرگی رەنگاورەنگی لەبەر کردبوو و ئامێزی پڕ لە بۆن و بەرامەی بۆ بەهارو ساڵی تازە کردبووە، لە ئاوا رۆژێکدا، ڕق و قینی ئەژدیهای حکومەتی بەعس و دیکتاتۆرە خوێن رێژەکەی بەغدا بۆ لەناوبردنی بەهار و گوڵ، شادی و خۆشی، مرۆڤ و پەلەوەر، ئاسمانی شینی بۆتێی بۆ هەمیشە ژاراوی کرد و گوڵاڵە سوورەکانی دۆلی بۆتێی ژاکاند و باڵندەکانی لەخوێندن لاڵ کرد وغەم وپەژارەی بۆ هەمیشە لە دڵان بەندو دایکە جگەرسووتاوەکانی شۆرشی کوردستانی بۆ هەمیشە ڕەش پۆش کرد.

دەسەڵاتدارانی شەڕخوازلە بەغدا، لە هیچ کۆیەک خوێن تێری نەکردبوون. بۆیە ئەژدیهای شەڕ هەروا لە بەرەکانی کاولکاری و ماڵوێرانیدا جەستەی ئینسانەکانی هەڵدەلووشی و ڕەحمی بە هیچ گیانلبەرێک نەدەکرد . ئەژدیهای خوێنمژی بەعس،ئەمجارە بەبۆمباران کردن و ڕژاندنی ژەهری ئینسان کوژی خۆی،بە دوای خوولقاندنی کارەساتی دلتەزێنی هەلەبجەو گوردانی شوان،رویی لەبەرەیەکی تری هاوڕیانی کۆمەڵە کردوو ئەمجاریش گیانی٢٣ کەس لە هەرە خۆشەویستانی ناوریزەکانی کۆمەلەی هەستاند .هەر ئەو رۆژە لەو بومبارانەدا ، ١٥٠ هاورێی دیکەشمان بریندار و ژاراوی بوون کە بە هاوکاری کەم وینەی خەڵکی ئەو ناوچەیە دواجار لە مەرگ رزگاریان بوو.

لە کاتێک دا کە هێشتا ٢ مانگ بە سەر کارەساتی دڵتەزێنی گوردانی شوان دا تێنەپەڕی بوو، لە کاتێکدا کە هیشتا برینی قورسی بۆمبارانی شێمیایی ڕژیمی بەعس بۆ سەر ناوچەی شارەزوور کە تێدا ٦٩ پێشمەرگەی کۆمەڵە وێرای هەزاران ئینسانی بێدیفاعی شاری هەڵەبجە و ناوچەکە گیانیانبەختکرد،ژانی نەشکابوو، لە کاتێکدا کەخەڵکی کوردستانی عێراق کەوتبونە بەرشاڵاوی ئەنفالچیە بەدناوەکان و ١٨٠هەزار کەس لە خەڵکی بێدیفاع لە بیابانەکانی ناوەندی عیراق زیندە بە چاڵ دەکران، لە کاتێکدا کە رژیمی بەعس شاری قەڵادزێی تەخت کرد و دەستی کردبوو بە وێران کردنی شاری رانیە، لە کاتێکدا کە پێنج هەزار ئاوایی کوردستان کاول کرابوون و خەڵکەکەی راپێچی ئۆردوگای زۆرەملی کرابوون، لە وەها سەردەمێکی ژاناویدا بوو کە مەقەڕی ناوەندی کۆمەڵە و ئورگانەکانی دەوروبەری،ئەمجار لە دۆڵی بۆتێ کەوتنەبەر پەلاماری بۆمبی شیمیایی رژیمی دژی ئینسانی بەعسی عێراق.

ئەوە دووهەمین جاربوو کە تەیارەکانی ڕژیمی بەعسی عێراق هێرشیان دەکردەسەر مەقەڕەکانی کۆمەڵە لە دولی بۆتێ. پێش ئەو روداوانەش چەند جاری دیکە مەقەرەکانی ناوەندی کۆمەڵە لە نزیک ئاوایی مالومە لە دۆڵی جافایەتی کەوتبونە بەر هێرشی هەوایی و توپخانەی ئەرتەشی عێراق.لە ئاکامی ئەم هیرشانەشداچەندین هاورێی ترمان گیانیان بەختکردبوو.

لە رووداوێکی تریشدا رێکەوتی ١٢ی خاکەلێوەی هەمان ساڵ شەمشەمەکوێرەکانی بەغدا دژی کۆمەڵە پیلانێکی قیزەونی تریان بەرێوەبرد کە لەئەنجامدا چوار هاورێی تریشمان بوونە قوربانی دووژمن کارییەکانی دەولەتی جینایەتکاری بەعسی عێراق.هاوڕێیان رەحمان فەرشگەر، بێهزاد فەدەوی،رەزا یەسرەبی و عەزیز ئەسکەندەری ناسرواو بە شەهیدخەنجەر، ئەو چوارتێکۆشەرو سیماناسراوەی کۆمەلەو بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بوون کەئاگری بلێسەو دووژمنکارانەی دەوڵەتی لەناوچوی سەدام حوسێن، ئەوانیشی گرتەوەو بوونە قوربانی سیاسەتە دژی مرۆڤییەکانی.

هارێ فەرزادی فەدەوی سێهەمین گیانبەختکردووی بنەماڵە و هەروەها هاورێ رەزا یەسرەبیش دوومین گیانبەخت کردوی بنەماڵەکەیان بوو.

بەڵام هێرشی ئەمجارە بۆسەر کۆمەڵە لە دۆڵی بۆتێ بە چەکی شیمیایی ژەهراوی بوو.

بەڵام ئەم دوژمنکاریەی کە گەیشت بە ئاستێک دەوڵەتی عێراق،چەکی شیمیایی لە دژی کۆمەڵە بە کار بێنیت چی بوو؟ ئەرتەشی عێراق بەو هیرش و پەلاماردانانەی بەشوێن چ مەبەستێکەوە بوو؟ ڕژیمی عیراق وای دەزانی کە بەو گوشارانەی دەتوانێ کۆمەڵە بە چۆک دابێنێ و دەستی پێ لە هاوکاری کردنی خەباتی عادڵانەی خەڵکی کوردستانی عێراق هەڵبگرێ. کۆمەڵە خۆی بە پشتیوان و دڵسۆزی ئەو خەباتە ڕەوایە دەزانی. هەر لە ناو ئەو ٢٣ هاوڕێ گیانبەختکردووانەماندا، تێکۆشەری کوردستانی عێراق هەیە کە لە ژێر ئاڵای سووری کۆمەڵەدا خەباتی شۆرشگێرانەی خۆیان درێژە پێدەدا.

ئەوە بۆ رژێمی بەعس تەحەمول نەدەکرا. بۆیە لە هیچ جەنایەتێک دەستی نەدەپاراست. رژیمی عیراق هەوڵی دەدا پردی پەیوەندی نێوان هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بۆ ئازادی بڕوخێنێ، هەوڵی دەدا کۆمەڵە ناچار بکات مەقەڕەکانی خۆی لە شوێنە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراقەوە بگوازێتەوە بۆ شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەرتەشی عێراق. بەڵام کۆمەڵە وەکوو هەڵوێستێکی سیاسی بەرانبەر بەو هەوڵانەی دەوڵەتی عێراق بەردەوام خۆڕاگری دەکرد و نەیدەویست تا کاتێک کە شوێنێکی ئازاد لە کوردستانی عێراقدا مابێت مقەڕەکانی ناوەندی و هێزی پێشمەرگە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی بەعسدا بن.

هەر لەبەر ئەوە بوو کاتێک کارەساتی بۆتێ روویدا خەڵکی شاری رانیە و ئەو ناوچەیە هەر کە ئاگادای هێرشی بەعس بۆ سەر مقەڕەکانی ناوەندی کۆمەڵە بوون، سەرەڕای ترس و خۆفێک کە رژیمی عێراق نابوویەوە، بە هەموو هێز و توانا و ئیمکاناتیانەوە بە هانای کۆمەڵەوە هاتنوو شانۆیەکی شکۆداریان لە دڵسۆزی و هاوپشتی خۆیان بۆ کۆمەڵە نیشان دا و سەلماندیان کە کۆمەڵە بە هی خۆیان دەزانن و لە هەمان کاتدا زۆرێک لە پزیشک و دەرمانخانەکانی شاری سلێمانیش سەرەڕای ئاگادار کردنەوەیان لە لایەن دەوڵەتی بەعسەوە کە یارمەتی بریندارەکانی بۆردمانە شیمیاییەکان نەدەن، بەڵام ئەو دووکتوروبیمارستانانە بە نهێنی کەوتنەخۆ بۆ دابین کردنی کەل و پەلی پێویست بۆ دەرمانکردنی برینداەرەکانمان.

لە سی وحەوتەمین ساڵیادی گیانبەختکردنی ئەو ئازیزانەدا جارێکی دیکە هەزاران درودو سڵاو لە شۆڕشگێڕییان، لە گیانبازییان، لە فیداکاری و لە لەخۆبردووییان. ئەو پەڕی رێزوخۆشەویستیشمان هەیە بۆ دایک و باوک و هەموو ئەندامانی بنەماڵە سەربەرزەکانیان. بەلای ئێمەوە گەورەترین رێزگرتن لە ئازیزانی گیانبەخت کردوومان درێژە دانی رێگای پڕ لە شانازییانە و وەفادار مانەوەیە بە ئامانجی بەرز و پیرۆزی تا بەدیهێنانیان.

ئەم خۆشەویستانە پۆلێک لە پێشڕەوانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و ئێران و سیمای هەڵکەوتوی ئەو کۆمەڵگایە بوون. ئەوان ئینسان گەلێکی خۆنەویست و گیانفیدا بوون کە لە دژی نیزامی زاڵمانە جمهوری ئیسلامیی، لە دژی شەڕ و کوشتار و بی مافی ئینسان راپەڕیبوون وگیانیان لە پێناوی ئامانجی بەرزیاندا بەخت کرد.

ناوی هاوڕێانی گیانبەخت کردوومان لە دۆلی " بـۆتێ " لەناو بزووتنەوەی شۆڕگێڕانەی خەڵکی کوردستان و چالاکیەکانی کۆمەڵەدا هەتا بەمرۆ، وەبیرهێنەرەوەی بوێری و خەباتکاری بووە و دەشبێ. ڕێباز و ڕەوشت و هەڵسووکەوتی سەمیمانە و شۆڕشگێڕانە و گیانبازی و خەباتی لێبڕاوانەی ئەم هاوڕێانەی کۆمەڵە، لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان جێکەوتووە. لە ٣٧مین ساڵیادی گیان بەخت کردنی ئەم هاوڕێیانە، یاد و بیرەوەریی هەر هەموویان وێڕای دووبارە کردنەوەی پەیمانی پێبەند بوون بە ئامانجەکانیان و یادی هەموو گیانبەخت کردووانی ڕێگای سۆسیالیسم بەرز ڕادەگرین. لەو ڕۆژەدا، بۆ جارێکی دیکە سڵاو و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە و کەس وکاری ئەم هاورێیانە کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بە تاقەت هێنانیان لە بەرامبەر ژانی لەدەست دانی ڕۆڵەکانیان، بوونەتە مایەی دڵگەرمی و هۆمێدواریی زیاتری ئێمە بۆ خەبات و درێژەدانی ڕێگای ئازیزانیان.

یادی ئازیزیان بەرزو بەرێز بێ.

**هاوڕێانی گیانبەختکردوو بریتین لە:**

ئیسماعیل موستەفا زادە،
ئەحمد موحەمەدی
بایەزید بەیاز
پەرویز تاجەوانچی
حوسین سیگاری
سەعید موحەمەدی
جەلال پێنجوێنی
فریشتە رەزایی ناسراو بە ( زوهرە)
عەبدوالله هوشیاریان
عەلی حوسین موحەمەدی ناسراو بە ( تەهمورێس)
فەرەنگیس شاهۆیی
ناسێح مەردووخ
کەریم عەبدواللهپور
کەریم جەنەتی
مەریەم مەجنوون ناسراو بە (سەعادەت)
کەمال رەزانیژاد
کەیومەرس مەهاجێر ناسراو بە (جەبار)
مەنووچێهر مەحموەدیان ناسراو بە (مورتەزا)
مەحەمەد رەسوولی خۆش سەفەت ناسراو بە (حەمە بازوکا)
نادر قازی زادە ناسراو بە ( ئازاد )
موحەمەد عومەر عەلی ناسراو بە (حەمەی ئاجیکەند )
ووفا توتونچی
حامید مودەرەسی ناسراو بە (حامیدە سوور)

# مافی نەتەوەی کورد مافی کرێکار...

ئەمڕۆکە کاپیتالیزم لە هەموو جیهان هاودەست و هاوپەیمانە لە چەوساندنەوەی زیاتری خەڵکی هەژار و کرێکاران و خەسارەکانی ئەم سیستەمە تەنها بەرۆکی چینی کرێکاری نەگرتووە بەڵکوو لە هەموو مەیدانەکانی بێمافیدا جێگە پێی ئەو سیستمە نەشیاوە دەبیندرێ و پێویستە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشە هەمەلایەنەیە، ڕەوتی چەپ خۆی لە ڕێکخستن و هەوڵ بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو ستەمێک بە ئەرکدار بزانێ و هەموو بزووتنەوە مافخوازانەکان لەگەڵ خۆی بخات و بە پشتیوانیی ئەو بزووتنەوانە بەرەیەکی بەهێزی خۆڕاگری بەرامبەر بە چەوسانەوە و بێمافی پێکبهێنێت.

لە کوردستان شۆڕشی ژینا و دروشم و خواستەکانی ئەو شۆڕشە دەریخست ڕوانینی چەپ چەندە لەگەڵ خواست و پێویستیی کوردستان بۆ پێشکەوتن و گەیشتن بە دنیایەکی شیاوی مرۆڤ نزیکە. خواستەکانی بزووتنەوەی کوردستان نەک لە ئاستی دروشمدا بەڵکوو لە کردەوەدا لەگەڵ ئامانجەکانی ڕەوتی سۆسیالیستی تەبایە و ڕەوتێکی چەپ کە دۆخی تایبەتی کوردستان بناسێت و سیاسەتەکانی لە سەر بنەمای دۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵگاکە دابڕێژێت و بەختەوەری و ڕزگاریی خەڵکی کوردستان بکاتە ئامانجی خۆی، پێشوازیی لێ دەکرێ و دەتوانێت وەڵامی خواستەکانی بزووتنەوەکە بداتەوە.

ئەرکی خەباتکارانەی ڕەوتی چەپ لە کوردستان ئەمڕۆ تەنها لە چوارچێوەی خەباتی چینایەتیدا بەرتەسک نابێتەوە و پێویستە ڕەوتی چەپ لە خۆپێناسەکردنەوەیەکدا ببێتە دەنگی هەموو مافخوازییەک و کرێکاران و زەحمەتکێشان، خەباتکارانی ڕزگاریی نەتەوەیی، ژنان، لاوان، خوێندکاران و هەموو ئەوانەی لە سیستەمی نادادپەروەری سەرمایەداریدا مافیان پێشێل کراوە پێویستە لە چوارچێوەی ڕوانینێکی چەپی کوردستانیدا بە سەرنجدان بە دۆخ و تایبەتمەندییەکانی کوردستان، پێکەوە هێزێکی ڕادیکاڵی پێشکەوتنخواز دژ بە سەرکوت و چاوچنۆکیی سەرمایەداری دابمەزرێنن و ئاسۆیەکی ڕوونتر بۆ خەباتیان بکەنەوە.

لە کوردستانێکی سەربەست و ئاوەدان و دیموکراتیکدا بەستێنێکی لەبارتر بۆ چینی چەوساوە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و هەموو چین و توێژە مافخوراوەکان لەبەر دەستدا دەبێ بۆ ئەوەی خەریکی خۆ پێشخستن و خۆ ڕێکخستن بۆ خەبات و دەستەبەرکردنی مافەکانیان بن و خەباتەکەیان دەرفەتێکی زیاتری بۆ سەرکەوتن هەیە. هەر بۆیە کرێکاران و مافخواراوانی دیکە کە زەرەرمەندی سەرەکیی داگیرکارین دەبێ ڕۆڵی خۆیان لە ڕزگاریی وڵاتدا بگێڕن کە مەرجێکی گرینگە بۆ ڕزگاریی خۆیان لە ستەمەی چینایەتی و ستەمەکانی دیکە.

لەم ڕۆژانەدا کە بەرەو پیری یەکی ئەیار دەچین ڕووداوی تەقینەوە لە بەندەری ڕەجایی بە ڕوونی دەریخست کە کرێکاران و چینی مافخوراو قوربانیی یەکەمی سیاسەتە دژە مرۆڤییەکانی حکوومەتی ئێران و شەڕی دەسەڵاتانی سەرمایەداری بۆ قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەو دەسەڵاتانەن و ئەو حکوومەتە لەمپەرێکی گەورەی سەر ڕێگەی چینی چەوساوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیەتی. ئێمە ویڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ کەس و کاری کرێکارانی قوربانیی ئەو ڕووداوە، داواکارین هەموو ئەوانەی نایانەوێ چیدیکە ژیانیان ببێتە کایەی دەستی ئەم حکوومەتە دژە ئینسانە خەباتیان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکانگیر بکەن.

لە ئاستی حیزبیدا و ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕەوتی چەپی کوردستان بڕوا بە پلۆرالیزمی سوسیالیستی و هاوکاری لە نێوان ڕێکخراو و حیزبە چەپ و سوسیالیستییەکانی کوردستاندا مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی ڕوونتر لە خەباتی چەوساوەکانی کوردستاندا دەرکەوێت. پێکهێنانی بەرەیەکی چەپ لە دۆخی ئەمڕۆدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و پێداویستییەکی ئەمڕۆ و داهاتووی خەباتی چینی چەوساوەی کوردستانە.

# بەشداری هاوڕێیانی کۆمەڵە لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی کرێکار لە ئاڵمان




ڕۆژی پێنجشەممە ١مانگی مەی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکارەوە ئاکسیۆن و چالاکییەکی بەربڵاو لە لایەن حیزب و لایەنە چەپ و سەندیکا کرێکارییەکان لە زۆربەی شار و دەڤەرەکانی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوەچوو کە کۆمەڵێک لە حیزب و لایەنە کوردستانی و ئێرانیەکانیش لەم ئاکسیۆنەدا بە بەشداری لە ڕێپێوانەکان و هەر وەها هەڵدانی ویستگەی تەبلیغیی بەشدارییان کرد. هەر بەم بۆنەوە و هاوکات هاوڕێیانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە زۆربەی شارەکانی ئاڵمان و بە تایبەت شارەکانی کۆڵن، فرانکفۆرت، هانۆفر و هامبورگ لە ئاکسیۆن و چالاکی و ڕێپێوانەکانی تایبەت بە ڕۆژی جیهانی کرێکار بەشدار بوون.

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان_کومیتەی ئاڵمان**

**هەینی ١٢ی گوڵان ١٤٠٤ هەتاوی**
**٠٢ی مەی ٢٠٢٥ی زایینی**

## درێژەی سەروتار

ئەنجامی کۆنفرانسەکە بە قۆناغێکی گرنگ بۆ کوردی ڕۆژئاوا دادەنرێت، ڕەنگە کاریگەریش لەسەر داهاتووی پەیوەندییەکانی وڵاتانیش لەگەڵ سوریا دابنێت، چونکە فەرەنسا، ئەڵمانیا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو ئەمریکا بەتایبەت داوای حکومەتو دەسەڵاتێکی گشتگیر دەکەن، کە هەمووان تێیدا بەشداربن.

بەدرێژایی مێژووی خەباتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان یەکڕیزیو یەکگرتوویی داواکاری و دروشمی هەموو لایەنەکان بووە، بەڵام قۆناغێک هاتۆتەپێش کە ئەم یەکڕیزیی و تەباییەی نێوان خەڵک و لایەنە سیاسییەکان وەک پێویستییەکی هەنووکەیی بەرجەستە بووە. لە خەباتی گەلی کورد لە باشوری کوردستان، لەمانگی مەی ساڵی ١٩٨٨ بە بەشداری ٨ لایەنی سیاسی بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا. ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لەکاتێکدا بوو کە ڕژیمی بەعسی عێراق بۆ بێدەنگکردنی بزوتنەوەی کورد دەستی لەهیچ تاوانێک نەدەپاراست و لە پرۆسەی بەدناویی ئەنفال بە ٨ قۆناغ زیاتر لە ١٨٢ هەزار کوردی زیندەبەچاڵکرد و سەدان گوند و لادێی لەگەڵ خاک یەکسان کرد. بۆیە دامەزراندنی بەرە هەم هیوایەک بوو بۆخەڵک و، لانیکەم لەو ماوەیەشدا حیزبەکانیشی لە شەڕی ناوخۆیی پاراست.

پێش لە بەرەی کوردستانیی باشور، نمونەی کاری هاوبەشی حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی هەیە کە لەپاش ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی، هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێکدەهێنن، کە ساڵی ١٩٧٩ بۆ وتووێژ لەگەڵ وەفدی ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی دەوری گرنگی گێڕا. هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد کە لە حیزبەکانی وەک کۆمەڵە و دیموکرات و چەندین کەسایەتی وەک مامۆستا شێخ عێزەدینی حسەینی پێکهاتبوو، زمانی یەکگرتووی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە دوژمن بوون و دەور و نەقش و کاریگەرییەکی هەمیشەییان لە مێژووی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێهێشت.

وەبیرهێنانەوەی بەرەی کوردستانی لەباشوور و هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات لەم ساتەدا کە کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردی ڕۆژئاوا بەڕێوەچووە، بۆ هەڵوەستەکردنە لەسەر چەندی فاکت و ڕاستی مێژوویی.

پرسی کورد لە ڕۆژئاوا کە ئێستا ڕۆژەڤی کوردستان و ناوچەکەیە، پاراستنی ئەو ئەزمونە سەرکەوتووەی کە پاش ١٤ ساڵ شەڕ و بەرخۆدان و بەخشینی گیانی زیاتر لە ١٣ هەزار کچ و کوڕی کورد، گرنگییەکی زۆری بۆ کورد لە هەموو پارچەکان هەیە. هاوکات گرنگی ستراتیژیی ئەم ناوچەیە بۆ ئەمەریکا و زلهێزەکانی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانیان بووەتە هۆی ئەوەی لە ئێستادا گرنگییەکی زۆرتری پێبدرێت و لە هاوکێشە سیاسییەکاندا سەنگ و قورسایی خۆی هەبێت. بە مانایەکی تر کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد لە قامیشلۆ سەرەڕای ئەوەی سود و قازانجی بۆ کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە و یەکڕیزی و تەبایی نێوان لایەنە کوردییەکان زیاتر دەکات و پەیام و کاریگەریی پۆزەتیڤیشی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان لەوانە بۆ خەڵک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش زیاتر لە ٤ دەیەی خۆڕاگری و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش لەسەر پێیە و لەم ساڵانەی دواییدا و بەتایبەتی لەپاش شۆڕشی ژینا بەرزترین جۆری خەباتی مەدەنی پیشانی هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە و جیهان داوە. سەرەڕای ئەم یەکگرتوویی و پێشکەوتووییەی خەباتی مەدەنی لە سەرجەم شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای ئەو یەکگرتووییە بێوێنەیەی کە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک بەرامبەر بە دوژمنی هاوبەشی خۆیان گرتووینەتەبەر و سەرەڕای هەڵکشانی بیری سێکۆلاریزم و ئازادیخوازی و مافخوازی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات، بەڵام بەداخەوە حیزب و لایەنە سیاسییەکەی کەمترین کاری پێکەوەیی دەکەن، کە چاوەڕوان دەکرا لەم بارودۆخە هەستیارەی ناوچەکە و لە دۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی چ لە دەرەوەی سنورەکان و چ لە ناوخۆی خۆی هەموو شەرعیەتێکی لەدەستداوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەقەد بزوتنەوە زیندوەکەی خەڵکی کوردستان بۆ یەکگرتوویی نێوانیان بەکردەوە هەنگاویان بنایە، بەڵام بە پێچەوانەوە سارد و سڕییەکی پێوە دیارە.

لەم ساتەوەختەی کە پرسی کورد لە هەموو ناوچەکە گرنگییەکی زۆری پەیدا کردوە و کۆماری ئیسلامی بە هەموو تەمەنی دەسەڵاتی خۆی لەناوخۆ و دەرەوە ئەوەندە لە ژێر گوشار نەبووە، لەم کاتەدا کە هێزە گەورەکانی وەک پەکەکە و پارتی و یەکێتی بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کورد لە هۆڵی کۆنفرانسەکەی قامیشلۆ ناکۆکییەکانی لا دەخەن و شان بە شانی یەک بۆ سەرخستنی کوردی ڕۆژئاوا هەوڵدەکەن، لەم ڕۆژە سەختانەدا کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەپێی ڕێکەوتنەکەی بەغدا و تاران، کار و چالاکی و بارەگاکانیان لە باشوری کوردستان بەرتەسک دەکرێتەوە و لەکەمپە نوێکاندا نیشتەجێدەکرێن، ڕەوایە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش تەنیا یەک بەرژەوەندیی گەورەی نەتەوەیی ئاسۆی خەبات و خۆڕاگرییان بێت و "یەکگرتویی" کە ئەزقەزا قسەی سەر زاری هەموو ڕێبەرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بە پراکتیک دەربێنن و لەدۆخە هەستیارەکەدا بە یەکگرتوویی خۆیان ورە و هێزێکی نوێ بخەبەر بزووتنەوە گەرم و جەماوەرییەکەی خەڵکی کوردستان.

گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە زەحمەت لەگەڵ پێشبینیی توێژەرانی سیاسی دێتەوە و ئەم ناوچەیە هەمیشە هەڵگری ڕووداوی سەرسامکەر بووە، بۆیە گۆڕانکارییەکان چاوەڕێی کەس ناکات، ئەگەر درەنگ بکەوین وەک برادەرێک باسی کرد دوور نیە لە داهاتووی پاش ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا هاوڵاتییەکی کورد لەنێوان سنە تا سەقز بە بازگەی چەندین حیزبدا تێپەڕبێت یان چەندین دێگەڵەمان لێ قوت ببێتەوە. بۆیە ڕێبەرایەتی حیزبەکان لەم ساتەوەختەدا دەبێت هەڵوێستی وا بنوێنن کە بارتەقای شۆڕشە مەزنەکەی ژن ژیان ئازادی بێت و هەمووان درک بەو ڕاستییە بکەین کە تەنیا پشت بە هێزە لەبن نەهاتووەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببەستین و تەنیا یەکگرتوویی چارەیە!.

# ڕانانی کتێبی (کرێکاری مردوو)

## بە بۆنەی ١ مەی ڕۆژی کرێکار



سۆران محەمەدی، دەروونناس

کتێبی کرێکاری مردوو، نووسینی هاوبەشی "کارێل کەدەرسترۆم"ی سوئێدی و پیتەر فێلمینگە کە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ئاوڕیان لە چەمکی کرێکار داوە.

سەرەتا ئەوە بڵێم لەم کتێبەدا مەبەست لە وشەی کرێکار، هەر کەسێک کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا خەریکی کارە دەگرێتەوە (جیاوازی نییە ئەگەر کرێکاری کارگەیەک لە چین یان فەڕانسە بێت یان بەرپرس و بەڕێوەبەری دۆیچە بانکی ئاڵمان).


نووسەرەکان باس لەوە دەکەن کە مرۆڤی ئەمڕۆ جێنشینی پیشەکەی بووە، لە واقیعدا جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەو شتەی کە دیکەین (وەکوو کار) و ئەو شتەی کە هەین نەماوە. تەنانەت پشتیوانە دەمارگرژەکانی سەرمایەداری دانی پێدادەنێن کە سەرمایەداری لە ساڵەکانی حەفتای زاییندا لە نێو چووە و هەر چەشنە هەوڵێک بۆ زیندوو کردنەوەی شکەستی هێناوە. بەڵام بە چەشنێکی سەیر ئێستا کە مردووە بەهێز و گوڕتر لە جاران لە ئەگەری "هەبوون"دایە. ئەم کتێبە باسی ئەوە دەکات کە کار و ژیان لە جیهانی مردوودا چ واتایەکی هەیە. بۆ دەسپێکی ئەم بابەتە شیعرێکی (فرانکۆ بیفۆ) بە ناوی "چاوەڕوانی لە سونامی" دێننە گۆڕێ، لەم شیعرەدا وێنایەک لە جیهانێکی تژی لە مەرگ، داڵغەی دەروونی، دەستکورتی و خولیای کاری بێبایەخ پیشان دەدات و بەم پرسیارە سەرەکییە درێژەی پێدەدات:

"ئاخۆ دەزانن پێش لەوەی سونامی بێت چی ڕوو دەدات؟ دەریا لە ناو دەچێ و بیابانێکی مردوو دەهێڵێتەوە کە لەوێدا تەنیا ڕەشبینی و نەهامەتی دەمێنێتەوە، هەڵبەت ڕووداوێکی گرینگتر بە ڕێوەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووە". هەنووکە ئێمەیش لە سیستەمێکی داڕێژراوی مردوودا سەرگەردانین و بە شێنەیی لە بیابانێک کە پڕە لە نیشانە و هێمای وێرانی و پووچی خەریکین نوقم دەبین. ئەمجار لە ئاسۆ دەڕوانین؛ "شەپۆل"! هەر چەند هێشتا لە ئێمە دوورە بەڵام تەوژم و گوڕەی ئەوەندە دەبێ کە هەر چەشنە فەرمانێک بۆ کار، بەرهەمهێنان، ئارامی، شادی و گوێڕایەڵی پشتگوێ بخەین. ئەم داڕمانی جەستەیی‌یە بە پێی چەشنێ بێهیوایی ڕادەبەدەر، بە دروستی لە سەر واتای "نا-ژیان" (Non living)، بەو مانای کە ژیانێک کە لە ڕاستیدا مردووە، پێک هاتووە و بیچمی گرتووە.

بە وتەی نووسەران، بۆ ئەم کتێبە لەگەڵ هەژمارێکی زۆری کرێکار لە پیشەی جۆراوجۆر و چینی باڵادەست و ژێردەست قسە کراوە و بەوە گەییشتوون کە هەستی مەرگ لە هیچ شوێنێک بە قەدەر کرێکارانی گیرۆدەی (بنکە و کۆمپانیا مودێڕنەکان) زۆر نییە. جا چ کار لە ئیدارە بێ، یان لە نووسینگە، کارگە، پیشانگای فرۆشتن و کۆگاکانی ژێر زەوی و... ژیان بۆ ئەوان دوورەدەستە.

شیعرەکەی بیفۆ، سەبارت بەو "ژیانە مردوو"یەی کە پێش لە گەییشتنی "شەپۆل" وەسفی دەکات، شەرحی ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ ئێمە لە جیهانی سەرمایەدا ئەزموونی دەکەین و هیچ هیوایەکمان بۆ وەلانانی سەرمایەداری نییە. ڕەنگە خوازەی "شەپۆل" لە شیعرەکەی بیفۆدا لە جێی خۆیدا بێت، بەڵام ئەی ئەگەر کۆتایی هات چۆنی لێدێت؟ ئەگەر "شەپۆل" بۆ لە ناوبردنی نەهامەتییەکانی ئێمە نەگەییشت چی؟ ڕەنگە ئەم تراژدیە بنەمای واتای "کرێکاری مردوو" بسازێنێت. ئێمە بە چەشنێ کار دەکەین گوایە لە حاڵی مەرگداین. دەڵێی هیچ کاتێک لە زیندانی کار دەرباز نابین مەگەر ئەو کاتەی کە کار لە کار ترازا بێ (مەرگ گەییشتبێ). ئەمڕۆکە مەرگ نییە کە دەمانترسێنێ، بەڵکوو فکری نەمردن و پەیوەست بوون بە ژیانێک کە بایەخی زیندوومانەوەی نییە ترس دەخاتە دڵمان. هەروا کە ئادۆرنۆ دەڵێ: "ئەو ڕاستیەی کە ئێمە بە ژیان لەم کەشە چەقبەستوەدا درێژە دەدەین، دەریدەخات کە هەناسەدانی نێو جەحەندەم فێر بووین". ئەو دۆخەی کە پێشتر مارکس دەیگوت دەبێتە ماتریالیزمی خەمناک (Sad materialism) لە بەر ئەوەی ژیانێک کە لە بازنەی دوپاتەی کار و داژە (م×رف) دەسووڕێتەوە، دەرەنجامی نابێت. دیارە جیهانی سەرمایە بۆ قەرەبوو کردنەوەی "کاتی بەتاڵی"یان دروست کرد کە وەکوو هەلاتنێکی کاتیی لە کۆمەڵگای بێئامانج بوو. بۆیە دەکرا بڵێین هۆکاری کارکردنی ئێمە خرج کردنی پارە بۆ ئەو شتانەن کە بۆ خۆمان بایەخدارن وەکوو ڕۆژانی پشوو، کات بەسەربردن لەگەڵ منداڵان یان کایە و شت. بەڵام هەنووکە ترسی گەورەی سەرمایەداری ئەوەیە کە کرێکار تەنیا جەستەی لە سەر کارە، لێ ڕۆحی لە شوێنی کارەکەی زۆر دوورە (لە کەناری دەریا، خەریکی دڵداری، بیری سەیر و سەمەرە..!) و ئێستا ئەو دەمەیە کە "کرێکاری مردوو" دەردەکەوێ. ئەم سیاسەتە نوێیەی سەرمایەداری لە کارگە و ئیدارەکان تێپەڕیوە و بووەتە سەرمەشقێک بۆ هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا. ئەو چەمکەی کە سەرمایەداری بیست و چوار ساعەتەی پێ دەڵێن (٢٤hour capitalism). واتە نە تەنیا بەو مانایە کرێکار لە هەموو ساتێکی ڕۆژ و (شەو) لە شوێنێک مەشغووڵی کارە بەڵکوو واتای ئەوەی هەیە کە مروڤ هەمیشە خەریکی کار کردنە. ئەم قەڵشتە ئیدی لە نێوان کار و سەرمایەدا نییە، بەڵکوو لە نێوان سەرمایە و ژیاندایە. لە ئێستادا ژیان خودی ئەو شتەیە کە لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بە تاڵان چووە.

ئەو شتەی کە سەرمایەداری ئەمڕۆ زەق دەکاتەوە ئەوەیە کە پەنجەی بەو پەڕی




شوێنی کارەکان گەییشتووە. لە قۆناغی دەسپێکی کارگە قەبەکانی وەبەرهێناندا هێشتا بەسەر پشووی کۆتایی حەوتە و "کاتی بەتاڵی"دا زاڵ نەببوون، بەڵام سەرمایەداریی ئێستا بە شوێن چەوساندنی کۆمەڵایەتی ئێمە لە هەموو بوارەکانی ژیاندایە و ئێمە دەبینە (سەرمایەیەکی ئینسانی) تەنانەت کاتێ کە وەختی کار بەسەر چووە، ئیتر کرێکار نین، بەڵکوو دەبین بە خودی پیشەکە، تەنانەت لە خەویشدا وازمان لێناهێنن...

بەڵام داخۆ "کرێکاری مردوو" بەرەنگاریی دەکات؟ داخۆ بۆ گۆڕینی دۆخی خۆی هەوڵ دەدات؟ پرسیاری نێوان ڕووپەڕەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە: ئێمە چلۆن دەتوانین بەرانبەری سەرمایەداری ڕاوەستین کاتێ لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیماندا دزەی کردووە؟

ئێستا ئێمە دەبێ بەرەو گەڕانێکی تاقەت پڕووکێن لە جیهانێکی مەنگ و مردووی کاردا سەفەر بکەین، "شەپۆل" هەرچەندە هێشتا نەگەییشتووە بەڵام ئێمە دەتوانین بینەری ئەو سونامیە بین. "شەپۆل" خەریکی گرتنی هێز و وزەیە... چاوەڕوانین.

# سەرەتایەک بۆ ئازادی



بێگەرد ساڵح

"ئێمە ڕێگای زانست لەبەر دەگرین..." نە تەنیا ڕستەیەکی جوان بەڵکوو کاردانەوەترین ڕێگەیە...

سروە پورمحەمەدی وەک نموونە و کاردانەوەیەکی زیندوو

سروە و سروەکان، وەک ژنانێکی کورد کە بەرگەی فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان گرتووە، نموونەیەکی زیندووی ئەوەن کە ئازادی لە ناخدا نە تەنیا سەربەخۆیی تاکییە، بەڵکوو بەرگریکردن لە مافەکانی کۆمەڵگەیە. ئەوان بە هەوڵ و چالاکییەکانیان، بەتایبەت لە ڕێگای زانست و کاردانەوە، پەروەردە و هۆشیاری و هەر وەها بە بەکارهێنانی زانست بۆ پەرەپێدانی پەروەردەی گشتی و بەتایبەت نەوەی نوێ، بێدەنگیان شکاند و سەلماندیان کە دەتوانن تابۆکانی کۆمەڵگە بشکێنن.

مافی کولتووری گەل، وەک مافی زمانی دایکی، یەکێکە لە ستوونە سەرەکیەکانی پاراستنی ناسنامەی گەلانە. کولتوور، هەر تەنها جەژن و تەقلیدەکان نییە، بەڵکوو شێوەی ژیان، بیرکردنەوە، و بەهاکانی کۆمەڵگەیەکە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە. بەڵام، گەلانی وەک کورد، کە بۆ سەدەها خەباتیان کردووە بۆ پاراستنی کولتوورەکەیان، هەمیشە ڕووبەڕووی هەوڵەکانی سڕینەوە تۆندووتیژی بوونەتەوە. کەسانی وەک خاتوو سروە پوورموحەممەدی، کە بەرگری لەم مافە دەکەن، بەردەوام لەژێر گوشارن، چونکە کولتووری کوردی، بە هۆی چیرۆکەکانی خۆی، مۆسیقاکەی، و ئەدەبیاتەکەی، هێزێکی بەهێزە کە دوژمنەکان لێی دەترسن. ئێمە دەبێت بە یەکگرتوویی، کولتوورەکەمان بپارێزین و نەهێڵین هیچ هێزێک ئەم مافە سەرەتاییە لێمان بکاتەوە، چونکە کولتوورمان، سەرچاوەی سەربەخۆیی و بەرخۆدانمانە.

مافی زمانی دایکی، یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی مافەکانی مرۆڤە، بەڵام بەداخەوە، کەسانی وەک خاتوو سروە پوورموحەمەدی کە بەرگری لەم مافە ڕەوایە دەکەن، هەمیشە لەژێر گوشار و زوڵمی حکومەتەکانن. زمانی دایکی، هەر تەنها زمان نییە، بەڵکوو ناسنامە، کولتوور، و مێژووی گەلێکە کە نەبۆتە سەرچاوەی سەربەخۆیی و هێز. سروەکان، کە بە دڵسۆزی بەرگری لە زمانی کوردی و مافەکانی خۆیان دەکەن، سەرەڕای هەموو فشارەکان، بەردەوامن لە خەباتدا. ئەم گوشارانە، لە بەندیخانەکردنەوە بگرە هەتا سەرکوتکردنی ئازادییەکانیان، ناتوانن ئیرادەی ئەم خەباتکارانە بکەنە ئامانج. قور بەسەر دوژمنەکانی ئازادی، ئەو "دوژمنە"ی کە دەتوانێت یاساکانی نایەکسان، و سیستەمی سەرکوتکەر وە هەروەها کولتووری پیاوسالاری بگرێتەوە کە هەوڵدەدەن ژنان و مرۆڤە ئازادەکان بکەنە ئامرازی کۆنترۆڵ. بەندیخانە، وەک سەرکوتگەیەکی فیزیکی، ناتوانێت ئەو ئازادییەی کە لە ناخ و ڕۆحی مرۆڤەکاندایە، بسڕێتەوە. ئەم چەمکە لە چالاکییەکانی خاتوو سروەدا بەرچاوە، کە تەنانەت لە ژێر فشارە گەورەکاندا، بەردەوام بووە لە بەرگریکردن لە دادپەروەری و یەکسانی. خاتوو سروە پوورموحەممەدی جارێکی دی سەلماندی ئەوەی قەت پێتان ناکرێ سڕینەوەی ئازادیە لە ناخ و ڕۆحمانە. من پێموایە لە سێ چەمکدا دەتوانین باس لە چالاکییەکانی خاتوو سروە بکەین کە بووە بە هۆی تووڕەیی ڕژیم؛ فێرکردنی زمانی کوردی: خاتوو سروە وەک مامۆستایەکی زمانی کوردی، کۆرسەکانی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ منداڵان و گەنجانی کورد ڕێکخستووە، ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە فێرکردنی زمانی کوردی لە زۆر شوێندا قەدەغە بووە. ئەم هەوڵە نە تەنها زمانی کوردیی زیندوو ڕاگرتووە، بەڵکو هەستی ناسنامەی نەتەوەیی لە نەوەی نوێدا بەهێز کردووە.

چالاکییە کولتوورییەکان: خاتوو سروە لە چالاکییە کولتوورییەکاندا بەشدار بووە، وەک بڵاوکردنەوەی کتێبە کوردییەکان، بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵە ئەدەبییەکان، یان بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان بۆ پاراستنی مۆسیقای کوردی و چیرۆکە کوردییەکان. ئەم چالاکیانە وەک پلاتفۆرمێک کاردەکەن کە کوردەکان بتوانن لەڕێگەیەوە دەنگی خۆیان بگەیەنن و کولتوورەکەیان بپارێزن.

پەرەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی: مامۆستا سروە لەڕێگەی نووسین، وتار، یان بەشداریکردن لە کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵی داوە کە هۆشیاری کۆمەڵگە سەبارەت بە گرنگی پاراستنی زمانی دایکی و مافە کولتوورییەکان وە هەر وەها ئاماژە کردنی لە کۆبوونەوەکاندا سەبارەت بە پێویستی یەکسانی کۆمەڵایەتی و مافی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەرز بکاتەوە.

خاتوو سروە ومامۆستاکانی وەک ئەو، کە لە سەر گرینگی زمانی کوردی خەباتیان کردووە، هاوکات جەختیان کردووەتە سەر گرینگی کولتوور و یەکسانی کۆمەڵایەتی وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بەرخۆدان لە دژی نایەکسانی، ستەم، و پەراوێزخستن. ئەوان پێیان وایە کە پاراستنی زمان و کولتووری کوردی، لەگەڵ پەرەپێدانی یەکسانی کۆمەڵایەتی، بناغەیەک بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و سەقامگیر دروست دەکات، کە تێیدا هەموو تاکەکان بە بێ جیاوازی بتوانن بەشداری بکەن و مافەکانیان مسۆگەر بکرێت.

"ئەمە تەنها سەرەتایە... خاتوو سروە پوورموحەمەدی وەک سەمبولی بەرخۆدان و ئازادی، بەردەوامە لە ڕووناککردنەوەی ڕێگایەک کە هەموو کەسێک پێویستی بە بینینە. ئێمەش، وەک گەلێک کە بەرگری لە مافەکانمان دەکەین، دەبێت بە یەکگرتوویی و زانست، بەرەو پێشەوە بچین و نەهێڵین هیچ دوژمنێک ئیرادەمان بشکێنێت. بەندیخانەکان تەنها دیوارن، بەڵام ئازادی لە ناخماندا زیندووە و هەرگیز ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کەسانی دیکە، دەبێت پشتیوانی لەم کەسانە بکەین و بە یەکگرتوویی دەنگی خۆمان بەرز کەینەوە، چونکە زمانی دایکی، مافێکی سەرەتاییە و کەس ناتوانێت ئەم مافە لێمان بکاتەوە." قور بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە.

# سنەی قارەمان، ٢٤ ڕۆژ بەرخۆدانت باش..

دواڕۆژ

ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، ئەو مانگە پڕ شکۆیە لە خەباتی زۆرلێکراوانی ئێران کە تیدا لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی پڕ لە شانازی ئەوان هەڵدرایەوە. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بە دژی ڕژیمی گەندەڵی پاشایەتیی و بنەماڵەی دیکتاتۆری پەهلەوی بەرز کردەوە و بە هیوای دابین کردنی داهاتوویەکی گەش و ئازاد، شۆڕشێکی بەربڵاویان ڕێک خست و کۆتاییان بە دەسەڵاتی ڕژیمی شا هێنا. لە مانگی ڕێبەندان‌دا خەڵکی ناڕازی بە هیوای گەیشتن بە ئازادی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی باشتر و ئینسانی ڕاپەڕین و شەپۆلەکانی شۆڕش لە ماوەی یەک ساڵدا سەرتاسەری ئێرانی داگرت و بەم جۆرە ماشێنی دەوڵەتیی ڕژیمی پەهلەوی لە ئاکامی ئەو ڕاپەرینەدا کەوتە بەر هێرشی بێ بەزەیانەی جەماوەری ڕاپەڕیو و تێکشکا و هەر ئەوەش کۆتایی بە تەمەنی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران هێنا.

لەوەها ڕۆژانێکدا و بەر لەوی بە تەواوەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی نەحسی ڕژیمەکەی محەمەد ڕەزا شا بێت و ڕێک لە ١٢ی مانگی ڕێبەندان، ڕێبەری ڕەوتی ئیسلامیی لە شۆڕشی ١٣٥٧، لە تەبعیدەوە بۆ وڵاتی ئێران دەگەڕێتەوە. هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی خۆمەینی، دەوڵەتی ئامریکا و هاوپەیمانانی بە تەواوەتی بە سەر ئێراندا زاڵ بوون و ئامانجیشیان ئەوە بوو کە لە ڕێگای ئەرتەشەوە ڕێگەخۆشکەری بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامییەکان بکرێت و بەم شێوەیە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەرتەش و بە نفوزێک کە لە نێو ریزەکانی ئەرتشدا هەیان بوو دەیانهەویست شەپۆلەکانی شۆڕش لە هەموو گۆشەوکەناری ئێران کونتروڵ بکەن.

هەڵبەت ئەوە تەنیا بەشێک لەو ستراتێژیە بوو کە ئەوان ڕەچاویان کردبوو، بەشەکەی دیکەی کە بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو، جێخستن و داسەپاندنی خومەینی وەک ئاڵترناتیڤی ڕژێمی پاشایەتی بە سەر بیروڕای گشتی خەڵکی ئێراندا. ئامانجەکەی خۆمەینی تا ڕادەیەکی زۆر وەدی هاتبوو، کەوابوو دەبوایە مەشخەڵەکانی شۆڕش خامۆش بکات. بەڵام وەدی هاتنی ئەم ئامانجەش ئامرازی تایبەت بەخۆی پێویست بوو. خومەینی، ستراتێژیی خۆی بۆ خامۆش کردنی مەشخەڵەکانی شۆڕش، هەنگاو بە هەنگاو بەکردەوە دەرهێنا. بەڵام لە کوردستان لەگەڵ نافەرمانی مەدەنی و خۆڕاگری بێ وێنەی خەڵک ڕووبەڕوو بوو. خەڵکی کوردستان بە ژن و پیاو و لاو و تازە لاوەوە هەر لە هەمان سەرەتاوە بوون بە چەقڵی چاوی خۆمەینی و داروودەستەکەی. هەربۆیە لە یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی خۆمەینی، ئەو بەرخۆدانە شۆڕشگێرانەیە کە لە دژی ڕژیمی پێشوو دەستی پێکردبوو لەوەستان نەکەوت و بە شێوەیەکی شێلگیرانەتر بە پانتایی هەموو کوردستان دەستی پێکردەوە. ئەو خەباتە لە کوچە و کۆڵانی شار بە بەشداری ژنان و پیاوان و لاوانی شۆڕشگێڕ وەجوڵە کەوتەوە و تا گرتن و دەسبەسەر داگرتنی پادگان و ناوەندەکانی سەربە دەوڵەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو درێژەی کێشا.

بەم شێوەیە دەسپێکی نوێی بزوتنەوەی سیاسیو شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویی لەکۆمەڵگای کوردستان، خوێنێکی تازە کردە جەستەی کۆمەڵگای کوردستان و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرەی دەستاند و گەشەی دەکرد. گەشەی ئەو بزوتنەوەیە و ملکەچ نەبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە مەڕ بڕیارەکانی دەسەڵاتی تازە و بە چۆک دا نەهاتنی، زیاتر و زیاتر خومەینی و هاو بیرانی توورە دەکرد.

بۆیە ئەوان دەبوایە بیرێک لەم بارودۆخە نۆیە بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە یەکەم کۆبوونەوەکان و دانیشتنەکانی خۆیان لە تاران لە دژی خەڵکی وەگیان هاتوی کوردستان دەستپێکرد. تیغی قینی جەلادە بە دەسەڵات گەیشتووەکان بە ئامانجی پێکهێنانی کەش و هەوای ترس و وەحشەت لە سەرجەم کوردستان و پتەوکردنی بناغەکانی ڕژیمێک کە خەریکی بنیاتنانی بوون، کەوتە کار. تەنیا٤٠ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕش، سپای پاسداران و هێزەکانی ڕژیم ویستیان دەس بەسەر شاری سنەدا بگرن و خەڵکی شار ناچار بە ملکەچ بوون بکەن. ئەوان بە زۆری چەک دەیان ویست خەڵکی شار مەجبوور بە پاشەکشە بکەن. بەڵام خەڵکی شاری سنە لە بڕیارێکی ژیرانەدا دژی ئەم هەڵوێستەی بەکرێگیراوانی ڕژیم وەستانەوە بۆ پارێزگاری کردن لە دەسکەوتەکانی شۆڕش بەرخۆدانێکی بێ وێنەیان لە کوچەو کۆڵانی شار وەرێخست. ئەم هەڵوێستەی خەڵکی شار بە تەقەی ڕاستەوخۆی بەرپرسانی ڕژیم وەڵامدرایەوەو بەمجۆرە زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە خەباتگێرانی شاری سنە گیانی ئازیزیان بەختکردوو زیاتر لە ٤٠٠ کەسیش بریندداربوون.

لە ڕووداوێکی هاوشێوەی تردا کە بە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنە بەناوبانگە، پێشمەرگە و خەڵک بۆ ماوەی ٢٤ ڕۆژ لە بەرامبەری هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر شارەکە خۆڕاگریان کرد و ڕێگەیان نەدا سوپا شارەکە کۆنترۆڵ بکات، لەو شەڕەدا نیزیک بە ٢٠٠٠ هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لە دەستدا. شاری سنە لەو ماوەیەدا گەمارۆ درابوو، خەڵک کوژراوەکانیان لە حەوشەی ماڵەکانیان بە خاک دەسپارد.

بەمجۆرە شاری سنە دوو نەورۆزی خوێناوی نایە پشت سەر کە تێدا دەیان و سەدان فیداکاری تێدا کراو بە سەدان ڕۆڵەی قارەمان گیانیان لە پێناو ئازادیدا بەختکرد و مێژوویەکی ڕەنگین و پڕ لە شانازیان خوڵقاند کە تا بە ئەمرۆش وێردی سەر زارانە.

سنە لە ڕیزی ئەو شارانەدا بوو کە بە قورسی کەوتە بەر هێرش. لای کۆماری ئیسلامیی و شۆڕشگێڕانی هەموو ئێران سنە وەک ترپەی دڵی شۆڕشی کوردستان دەناسرا. شۆڕشگێڕانی ئەم شارە پێکهاتوو لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بڕیاری خۆڕاگرییان دابوو،



لە سەنگەر دابوون و باکیان لەکەس نەبوو. سپا و حکومەتی ناوەندی پێشبینی ئەو خۆڕاگرییەیان نەکردبوو و پێیانوابوو بە ئاسانی دەتوانن شارەکە کۆنترۆڵ بکەن.

ڕێکەوتی ١٨گوڵان هێزێکی زۆری سوپا لە ڕێگەی کرماشانەوە بەرەو سنە جوڵەی پێکرا، بەڵام ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕی سنە و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی کۆمەڵە بەر لەوەی ئەم هێزە نزیکی شار ببێتەوە ڕێگەی هاتنە ناو شاریان لێ گرتوو بەمجۆرە لە دەوروبەری شار هێزی پێشمەرگە ڕووبەڕووی سپا بوونەوە و ناچاریان کردن بەرەو فرۆکەخانەی سنە پاشەکشێ بکەن، بەڵام سپا پێداگربوو لەسەر ئەوەی بە هەر نرخێک بێت شار کۆنترۆڵ بکات. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەڕەکە قورستر دەبوو، بەهۆی بۆردومانەکانەوە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی دەکوژران یان بریندار دەبوون، خەڵک لە بەر بۆردومانەکانی سوپا کوژراوەکانیان نەدەبردە گۆڕستانی شار و هەر لە حەوشەی ماڵەکانیاندا بە خاکیان دەسپاردن. چەندین مانگ هەموو شارەکانی کوردستان لە ژێر گەمارۆی ئابووریدا بوون کەچی بەو حاڵەشەوە خەڵکی شار و گوندەکانی دەوروبەر یارمەتییەکانی خۆیان دەیانگەیاندە شاری سنە، پزیشک و پەرستارە کوردەکانی نەخۆشخانەی سنە سەرباری کەمی دەرمان و زۆربوونی ژمارەی بریندارەکانەوە بەردەوام خەریکی تیمارکردنی بریندارەکان بوون.

هاوڕێیانی کۆمەڵە بە تایبەتی کاک سدیقی کەمانگەر دەستیان کرد بە دامەزراندنی هەندێک کومیتە بۆ یارمەتیی "ئەنجومەنی شۆڕشی شاری سنە" لەملاشەوە چەکدارانی ناو بنکە سەربازییەکەی سپا لە سنە، سەنگەرەکانی دەوروبەری بنکەکە و گەڕەکە نزیکەکانی وەک گردی گەڕۆڵ و کوێرئاوا و حاجی ئاوا بە چەکی قورس بۆردومان دەکرد و دەستیان لە هیچ جنایەتێک نەدەپاراست. کاتژمێری ٣ی نیوەشەو کاک سدیق کەمانگەر لە لایەن ئەنجومەنی کاتیی شۆڕش ئاگادارێک لە ڕادیۆوە دەخوێنێتەوە بانگەوازی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی شار دەکات ڕێگە سەرەکییەکانی شار دابخەن و لە شەقام و گەڕەکەکاندا سەنگەر دروست بکەن و هێزەکانی درەوەی شاریش بە هەموو شێوەیەک یارمەتیی ئەنجومەنی کاتیی شۆڕش بدەن.

مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی لەگەڵ جەماوەرێکی بەرین پێکهاتوو لە خەڵکی شۆڕشگێڕی شارەکانی سەقز و بۆکان و مەهاباد، دەگەنە ناو شاری سنە و پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا. بەمجۆرە لە هەموو شوێنی کوردستانەوە هێزی یارمەتیدەر دەگەیشتنە شاری سنە، سپاش بێ وەستان بە کۆپتەر شاری بۆردومان دەکرد و خەڵکیان دەکوشت. شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنە، شەڕێک بوو کە کۆماری ئیسلامیی و سپای پاسداران بە سەر شاری سنەیاندا سەپاند. ئەوان ئازادی خەڵکیان نەدەویست و دژی هەموو شایی و خۆشییەکی خەڵک بوون. هەر بۆیە بە تەواوی هێزە و بەکەڵک وەرگرتن لەو ئیمکاناتەی کە لە ڕژیمی پێشۆوە بە میرات بۆیان بە جێ مابوو، دەیانویست بەر بە ئازادی خەڵک بگرن و خوێنی ڕۆڵەکانی کوردستان برێژن.

دوای ٢٤ ڕۆژ خۆڕاگری لەکاتێکدا سپای پاسداران نەیتوانبوو بێتە ناو شارەوە بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بۆ پاراستنی گیانی خەڵک و بۆ ئەوەی لەوە زیاتر خەڵکی مەدەنی نەکوژرێن ناچار بوون بڕیاربدەن لە شار بچنە دەرەوە، دوای چوونە دەرەوەی پێشمەرگە، سوپا چووە ناو شارەوە و دەستیانکرد بە پشکنینی هەموو ماڵەکان و ژمارەیەکی زۆریان دەستگیرکرد و بەپەلە لە دادگایی سەربازیدا سزای لەسێدارەدانیان بە سەردا سەپاندن و هەر خۆشیان سزاکەیان جێبەجێ دەکرد. نەورۆزی خوێناوی و شەڕی ٢٤ ڕۆژەی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی شاری سنەی قارەمان بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لە مێژوو کە نیشانی دەدات کۆمەڵگای کوردستان بە خۆڕاگری و خەباتی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی خۆی هەر ڕەنگ و شێوازێکی لە کلتوور و دابوونەریتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانە، لە کلتوور و سوننەتی دواکەوتوانەی ئیسلامیی و ناسیۆنالیسمی بەرچاوتەنگەوە بگرە تا باوەڕ و سوننەتی پرتووکا و دواکەوتوویی ئایینی و سەدەکانی ناوەڕاستی خستووەتە پەراوێزەوە و ئەم دیاردانە لەگەڵ دۆخی سیاسی و ئازادیخوازانەی کوردستان بەتەواوی نامۆن و ناتوانن لە کوردستانی شۆڕشگێڕ جێگایەکیان بێت.

جەماوەری خەباتکار و ئازادیخوازی کوردستان و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنانی پێشڕەو و وشیار ڕێگە نادەن لە دواڕۆژی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا جۆرێکی دیکە لە دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیی مەزهەبی لە چەشنی داعش و تاڵەبان بە زەبەری شمشیر و توندوتیژی بەسەر خەڵکدا بسەپێت.

خۆڕاگری خەڵکی شاری سنە لە نەورۆزی خوێناویدا و لە بەرخۆدانی ٢٤ ڕۆژەدا، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی بردە قۆناخێکی دیکە لە خەبات و خۆڕاگری. لەو ڕۆژانەدا خەڵک بە تایبەت لاوان، نوێترین شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگایان بەکار هێنا و لە زۆر شوێنی کوردستان بە شێوەیەکی سالم و دیمۆکراتێک کۆمەڵگایان ئیدارە دەکرد. ئەمنییەتی گەڕەکەکان بە یارمەتیی خەڵک دابین دەکرا. بڵاوکردنەوەی خۆراک و باقی پێداویستیەکانی دیکەیان ڕێکخست. خزمەتگوزاریی پزیشکی و دەرمان بە شێوەی بەردەوام بە هیمەتی شەهێن باوەفاکان و دوکتورە شۆڕشگێڕەکان لە بەردەستی خەڵکدا بوون. مامۆستاکان و دایکان و باوکان و شۆڕشگێڕانی کۆمەڵە، کێشە و گرفتی خەڵکییان چارەسەر دەکرد و ئەخلاق و هەڵسووکەوتی ئینسانی لە هەموو بوارێکدا شەپۆڵی لێدەدا.

خەڵکی کوردستان و شاری سنەی قارەمان بە خەباتیان نیشانیاندا کە ئەم ڕژیمەیان ناوێ و لە هەوڵی خولقاندنی زەمینەکانی شۆڕشێکدان کە کۆتایی بە عومری پر لە جینایەتی دەسەڵاتدارانی چاوچنۆک بێنێ.

پێویستە یاد بکەین لە هەموو شۆڕشگێڕان و قارەمانانی ڕاستەقینەی بەرخۆدانی ئەم شۆڕشە و ڕێز بگرین لە گیانبەختکردوانی شاری سنەی هەمووکات سەربەرز!

# کوردستان و ڕۆژی کرێکار

ژیلەمۆ

١١ی مانگی گوڵان واتە یەکەمی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکارانە. ڕۆژێک کە هەر لە دوورترین شەقامەکان و پێتەختەکانی وڵاتان هەر لە شیکاگۆ تا واشێنگتۆن، لە لەندەن تا پاریس، لە ئێستۆکۆڵم تا بێرلین، لە ڕۆم تا تۆکیۆ تا تاران تا ئێرە کوردستان، کرێکاران بەیەک دەنگ هاوار دەکەن بژی دونیای بێ ستەم و چەوسانەوە، بژی دونیای بەختەوەری و حەسانەوە. ڕۆژی کرێکاران لە ئەوەڵی مانگی مەیدا گرنگترین بۆنەی جیهانی لە سەردەمی شۆڕشەکانی کرێکاری تا ئێستا دایە. ئەم ڕۆژە مەزنە هەموو ساڵێک لە سەرتاسەری دنیادا لە لایەن بە ملیۆن کەس لە کرێکاران و بێبەشان و خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخوازەوە ڕێزی لێدەگیرێ. لە ئێرانیش سوننەتی ڕێز گرتن لەم ڕۆژە پێشینەیەکی دەیانساڵەی هەیە. نزیکەی سێ دەیە دوای دیاری کرانی یەکی مەی وەک ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە ئاستی دنیادا، واتە لە ساڵی ١٣٠١ ی هەتاوی کرێکاران بۆ یەکەم جار چوون بەرەو پێری ڕۆژی یەکی ئەیارەوەو بە خۆپیشاندان، ڕێپیوان و گوتاربێژی، ڕێزیان لەم ڕۆژە گرت. بە درێژایی هەموو ساڵەکانی دواتر کرێکاران چ لە دەورەکانی دیکتاتۆری پەهلەوی و چ لە دەورانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیی و بەپێی فەزای سیاسی کۆمەڵگا، لە هەر جێگایەک دەرفەتێک ڕەخسابێت ئەو ڕۆژەیان زیندوو ڕاگرتووە و ڕێورەسمەکانی ڕۆژی هاوپشتی چینایەتی خۆیان لەگەڵ کرێکارانی دونیا، بە شێوەی جۆراوجۆر، بەڕیوەبردووە.

لە یەکەم مەڕاسمی ڕۆژی جیهانیی کرێکار دوای ڕووخانی ڕژیمی شا، واتا ١١ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٥٨ لە تاران بە سەدان هەزار کەس لەم ڕۆژەدا هاتنە سەر شەقامەکان و هاوکات لە گشت شارەکانی ئێران شکۆدار ترین ڕێورەسمەکانی تایبەت بەم ڕۆژەیان بەڕێوەبرد. لە ئاکامی هەوڵی چەندین ساڵەی هەڵسوڕاوان و ڕێبەرانی کرێکاریدا، ئێستا جەماوەرێکی بەرین لە کرێکاران و زەحمەتکێشان، لەگەڵ سوننەت و گرینگی پێگەی ئەم ڕۆژە ئاشنان. کرێکارانی وشیار و پێشرۆ کە دڵیان بۆ ڕزگاری خۆیان و هاوچینەکانیان لێدەدا، لە سەروبەندی ئەم ڕۆژەدا شێلگیرانە هەوڵ ئەدەن بۆ ڕێکخستن و کاری وشیارییدەرانەیان، ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە کریکاران و توێژی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا هانبدەن بۆ بەشداری کردن لەڕێورەسمی ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا. کرێکارانی پێشرۆ و سۆسیالیست، هەموو ساڵێک بەر لە هاتنی ئەم ڕۆژە، لە پێوەندی لەگەڵ کرێکارانی شوێنی کار و ژیانیاندا، بەرنامە دادەنێن، پێوەندی دادەمەزرێنن، کاری وشیاری دەرانە دەکەن، قسەوباس دەکەن، بۆچوون دەردەبڕن، بڕیار ئەدەن، ڕەشنووسی بڕیارنامە ئامادە دەکەن و بەکورتی ئامادەکاری دەکەن تا بە هەر شێوەیەک بتوانن ڕیورەسمی ئەم ڕۆژە بەڕێوەبەرن.

### ڕۆژی کرێکار لە کوردوستان!

### لە کوردستان، دەیان ساڵە ژینی سەوز بە ئالای ئەیار نەخشاوە.

لێرە شەیپووری کمۆن جیاوازتر لە هەرشوێنێک لێدەدرێ. لێرە مـێژوو لوور دەخاوو دێ و دەڕوات و دەئاژوێ. لێرە پێش خۆرنشین ترپەی دڵی کرێکار بۆ ژیان لێدەدات لێرە لە کوردستان پێش ئەوەی کە خودایەک هەبێ کرێکار هەر بووە و چەوساوە بووە، خەباتگێڕ بووە لەگەڵ دەردەکانی ڕاپەریوە، لێرە بەردی بناغەی ژین، بە شانو و باهۆی کرێکاری کورد چوونە سەریەک. لێرە شەبەقی ڕۆژهەڵات لە دلی کرێکاری چەوساوەدا چەکەرە دەکا و بەهار بە ترپەی دڵەکانی دەپشکوێ.!

لە کوردستان و لە ڕۆژی یەکی ئایاردا، لەسەر بەستێنی سوننەت و تێکۆشان و بە پشت بەستن بە ئەزموونیکی بە نرخ (هەلقوڵاوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان) کرێکاران تێکۆشەر و یەکگرتووی خۆیان بە هێنانە گۆڕی هەنووکەییترین داخوازیەکانیان لە بەرانبەر دەسەڵاتی حاکمدا دێننە سەر شەقام. کرێکارانی کوردستان لەم ڕۆژەدا و لە بڕیارنامەکانی خۆیاندا جەخت لە سەر خواستی بردنەسەری حەقدەستەکان گونجاو لەگەڵ دابین بوونی ژیانێکی شیاوی ئینسانی، دابین بوونی بیمەی بێکاری، ئازادی دروست کردنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و ئازادیی زیندانیانی سیاسی وەک سەرەکیترین داخوازیەکانیان، دەکەنەوە.

کرێکاران و زەحمتکێشانی کوردستان کە قورسایی باری قەیرانی ئابووری ئێران بە سەر شانی ئەوانیشدا دەشکێتەوە و لە ژێر هێلی هەژاریدا ئەژین، ٤٦ ساڵە لەمەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات و تێکۆشاندا بۆ ساتێکێش بەرانبەر ئەم ڕژیمە دژە بەشەرێیەدا هەدایان نەداوە. لە ماوەی ٤٦ ساڵ خەبات و خۆڕاگری لە کوردستان، گەلێک سوننەتی پێشڕەو و بەنرخ لەم کۆمەڵگایەدا چەسپاون و جێ کەوتوون. یەکێک لەو سوننەتانە، بەڕێوەچوونی مەڕاسمەکانی تایبەت بەڕۆژی جیهانی کرێکار لە زۆربەی شارەکانی کوردستانن. لەم ڕێوڕەسمانەدا کرێکاران بەردەوام ویست و داخوازییەکانیان بە دەرکردنی بڕیارنامە ڕاگەیاندوە، لەدژی بێ مافی و چەوسانەوە و ستەم لە لایەن خاوەنکاران و سەرمایەدارانەوە قسە و باسیان کردوە و لەسەر مافی بەرپا کردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری و لەسەر پێویستی ڕێکخراو بوونی کرێکاران جەختیان کردوەتەوە.

چەند نمونەیەک لەم سوننەتە موبارزاتی و چینایەتیانە بریتین لە:

یەکێک لەم نموونانە کە لە کەش و هەوایەکی بەتەواوەتی نیزامی و جەنگی، لە ئاستێکی چکۆلە بەڵام لەبیر نەکراودا بەرێوە چوو، هەوڵی کرێکارانی پێشڕەوی مهاباد لە ساڵی ١٣٦٢ دا بوو کە وێرای سەرکوت و خەفەقان و دەرد و ئازارەکانی تایبەت بە شەڕی حکوومەتەکانی ئێران و عێڕاق، بە شکۆیەکی تایبەتەوە ڕێورەسمی خۆیان بە بۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی بەرێوە برد. لەو ساڵەدا و لەو کەش هەوا تایبەتەدا کە بە بۆنەی شەڕ هاتبووە کایەوە، ژمارەیەک لە کرێکارانی پێشڕەوی مهاباد، بڕیاریاندا تا ساڵیادی یەکی مانگی مەی بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن بەڕێوەبەرن. لەگەڵ ئەوەیکە فەزای جەنگی ئیجازەی پێنەدەدان تا مەڕاسمێکی گەورە بەرپا بکەن، بەڵام ئەم حەرەکەتە سەرەتاییە لەو ساڵانەی گوشار و خەفەقان وسەرکوتدا، دەور و نەخشێکی گەلێک جیدی لە زیندو ڕاگرتنی ئەم سوننەتە کرێکاریەدا هەبوو کە تا بە ئەمرۆش لەبیرو زەیین ناچێتەوە. نمونەیەکی تری ئەم مەڕاسمە شکۆدارانەی ئەوەڵی مانگی مەی لە کوردستان، بەڕێوەچوونی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ١٣٦٦هەتاوی لەشاری سنەیە. لەم ساڵەدا لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامیی لە ماوەیەک پێشترەوە خۆی بۆ بەرەنگار بوونەوەی کۆبونەوەی کرێکاری ئامادە کردبوو وە بە بەسیج کردنی هێزە سەرکوتەگەرەکان و وەڕێخستنی تەبلیغاتی جەنگی، کۆنترۆڵ کردنی شەقامەکان، گەمارۆدانی گەڕەکە کرێکاریەکان و پشکنینی بەدەنی بەرین هاتبووە مەیدان و لەپێشدا ڕایگەیاندبوو کە هیچ مەڕاسمێکی سەربەخۆ نابێ بەڕێوەبچێت، بەڵام لە ڕۆژێک بەر لە یەکی مەیەوە، کرێکاران و زەحمەتکێشانی شاری سنە دەست بەکار بوون و بانگەوازی بەڕێوەچوونی مەڕاسمەکانی ئەم ڕۆژەیان لە گەڕەکە کرێکاریەکاندا بە شێوەیەکی بەرین بڵاو کردبۆوە و سەرئەنجام چەندین ڕیورەسمیان لەنێو کریکارانی بەشەجۆراوجۆرەکانی لەوشارەدا بەرپا کرد.

لە مەڕاسمی پاساژی عیزەتیدا لە شاری سنە کە دوو هەزار ژن و پیاوی تێدا بەشداربوون، ڕێورەسمەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی گیان بەختکردوانی ڕێگای سوسیالیزم دەستی پێکرد. دواتر یەکێک لە کرێکارەکان سەبارەت بە پێویستی دروست کردنی ڕێکخراوی کرێکاری و بەشداری کردنی ژنان لە گشت کاروبارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا قسەی کرد. چەند کرێکارێکی تر سەبارەت بە مێژووی ئەوەڵی مانگی مەی، پێویستی کەم کرانەوەی ساعاتی کار، بیمەی بێکاری، زیاد کرانی حەقدەستەکان و کۆتایی هاتن بە گوشارەکانی شەڕ قسەیان کرد. لە ماوەی ئەم بەرنامەیەدا هەروەها چەندین سرود و گۆرانی وتران و شانۆگەریەکی کرێکاریش ئیجرا کرا. لە حاڵێکدا کە دروشمەکانی ئەوەڵی مانگی سالۆنەکەی خستبوە لەرزە، بڕیارنامەی ١٧ مادەیی کرێکارانی سنە لە لایەن بەشدار بوانەوە پەسند کرا. بڕیارنامەی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ١٣٦٦ی کرێکارانی شاری سنە، وێڕای داواکاری بەڕەسمیەت ناسرانی ڕۆژی کرێکار و تەعتیل بوونی کار لەم ڕۆژەدا، داواکاری مافی ڕێکخراو و مانگرتن، ٤٠ کاتژمێر کار لە حەفتەدا، حەقدەستی گونجاو لەگەڵ بەرز بوونەوەی تەوەڕوم، قەدەغە بوونی کاری منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ، ئاوڕ دانەوەی جیدی لە ژنانی کرێکار و چەند داواکاریەکی دیکەی لە خۆ گرتبوو.

نمونەیەکی تر لەو مەڕاسمە شکۆدار و ڕەزمەندانەی کە لە مێژووی خەباتی چینایەتی کرێکارانی ئێران بە شێوەیەکی تایبەت بەرچاوە و تۆمار کراوە، بەڕیوەچوونی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ١٣٦٨ هەر لە شاری سنەیە. لەم ڕۆژەدا کۆبونەوەیەکی گەورە لە کرێکاران لە سالۆنی وەرزشی تەختی سنە بەڕێوەچوو.

مەڕاسمەکە بە سرودی ئەنترناسیونال دەستی پێکرد و بە سوخەنڕانی پڕ هەست و ئاگرینی کرێکاری گیانبەخت کردوو کاک" جەماڵ چراغ وەیسی" درێژەی پێدرا گیانبەختکردوو "جەمال چراغ وەیسی" لە قسەوباسەکانیدا، وێڕای ڕوونکردنەوەی باردۆخی مەیەنەتباری ژیان و بەڕێچوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان، لەسەر پێویستی یەکگرتووی و هاپشتی و پێویستیی پێکهاتنی ڕێکخراوە کرێکاریەکان و پتەو کردنی ڕیزی خەبات لەدژی نیزامی سەرمایەداری و بارودۆخی نا یەکسانی زاڵ لە کۆمەڵگادا جەختی کردەوە. ئەم مەڕاسمە شکۆدارە و مەڕاسمی ساڵەکانی دواتر لە شارەکانی کوردستان، بەشێوەیەک ڕیکخراو و بە ئامادەکاری تایبەتەوە بەڕێوەچوون کە لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ساڵێک سوننەتێکی نوێ بە سوننەت و ئەزموونەکانی ڕابردووەوە زیاد دەبوون.

مەڕاسمی سەربەخۆی ئەوەڵی مەی لە شاری سەقز لە ساڵی ١٣٨٣، لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە بزوتنەوەی کرێکاری ئێران زیاتر پەرەی سندبوو. لەوە بەدواوە وێڕای توند بوونەوەی گوشارە پۆلیسیەکان، وێڕای ترس و گیران، زیندانی کردن و ئەشکەنجەی کرێکارانی پێشڕەو و چالاکانی کرێکاری، کرێکاران لە دەرخستنی ریزی چینایەتی خۆیان باوەڕ بوخۆیی زیاتریان بەدەست هێنا.

پاش ئەم ئەزموونانە، کرێکاران هەموو ساڵێک بە شوور و شەوقی زیاترەوە بەرەو پێشوازی ڕۆژی جیهانی خۆیانەوە ڕۆشتوون.




«««

# چالاکیی فەعالینی چەپ و کرێکاری لە کوردستان بۆ ڕێزلێنان لە ئەوەڵی مانگی مەی (لە ١٣٥٧ەوە تا ئێستا)

د.ئاریژ-سنه

## پێشەکی

یەکی مانگی مەی یان یانزەی گوڵان (ڕۆژی جیهانی کرێکار) لە سەرانسەری جیهاندا وەک ڕۆژێکی نارەزایەتی و پێداگری مافەکانی کرێکاران و خەبات دژی چەوساندنەوەی سەرمایەداری ناسراوە. لە کوردستانی ئێران، ئەم ڕۆژە هەمیشە ڕێوشوێنێکی تایبەتی هەبووە و لە ساڵی ١٣٥٧ەوە تا ئێستا، چالاکوانی چەپ و کارگەری بە شێوە جیاوازەکان ڕێزیان لێگرتووە. لەم وتارە سەیرێکی کورت بە چالاکیی هێزە چەپ و بزووتنەوەی کارگەرییەکان لە کوردستانی ئێران بۆ ڕێزلێنان لە یەکەمی مانگی مەی، ڕەوشەکان و کاریگەرییەکانی لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ەوە تا ئێستا دەکەین.

### ١. دەیەی ١٣٥٠ و ١٣٦٠: شۆڕش و چەوساندنەوەی بەرفراوان

لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشی ١٣٥٧، بۆشایی سیاسی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕا و هێزە چەپەکان، لەوانە لە کوردستان، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە گۆڕانکاری کارگێری و کۆمەڵایەتی گێڕا. کۆمەڵە، ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران (لقەکانی کەمینە و زۆرینە)، و گرووپە چەپەکانی تر بە چالاکی لە ڕێکخستنی کرێکاران و بەڕێوەبردنی بۆنەکانی یەکەمی گوڵان بەشدار بوون.

لە ساڵە سەرەتاییەکانی شۆڕش، بەهۆی بۆشایی سیاسییەوە، کۆبونەوەکانی یانزەی گوڵان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەڕێوەچوون. بەڵام لەگەڵ سەرکۆتکردنی بەرفراوانی هێزە چەپەکان و دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق، گۆشار لەسەر چالاکوانانی کرێکاری زیاد بوو. زۆرێک لە سەرکردە چەپەکان خران زیندان یان لە سێدارەدران، یان ناچاربوون وڵات جێ بێڵن و یان ڕوو بکەنە چالاکی نهێنی. بەڵام چالاکیی کارگەری و چەپ لە کوردستان نەوەستا، بەڵکو بە شێوازی خەباتی ژێرزەمینی و بەرگرییە بەربڵاوەکان بەردەوام بوو.

### ٢. دەیەی ١٣٧٠: گۆڕینی تاکتیک و فراوانبوونی چالاکی نهێنی

لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ و جێگیربوونی کۆماری ئیسلامی، سەرکۆتکردنی هێزە چەپ و کرێکارییەکان بەردەوام بوو. لەم ماوەیەدا، هەر کۆبونەوەیەکی سەربەخۆی کارگەری هەڵوەشێنرا و چالاکوانەکان سزای زیندان و دوورخستنەوەیان بەسەردا هات. بەڵام لەم ساڵانەدا، تۆڕە کرێکاری و چەپەکان بە شێوەی نهێنی چالاکییەکانیان بەردەوام کرد و بە ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەی شەوانە و چالاکیی ژێرزەمینی بۆ ڕێزلێنان لە یەکەمی مانگی مەی فراوانتر بوو.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ماوەیە، زیادبوونی پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی کرێکاری کوردستان و ناوچەکانی تری ئێران بوو. چالاکوانی کرێکاری کوردستان لەگەڵ گرووپەکان لە تاران، ئەسفەهان، خوزستان و ناوچە پیشەسازییەکانی تر، هەوڵیدان دەنگی نارەزایی کارگەران بە جیهان بگەیەنن.

### ٣. دەیەی ١٣٨٠ و ١٣٩٠: نارەزایی، کۆبونەوە و زەختی زیاتر

لە دەیەی ١٣٨٠، لەگەڵ زیادبوونی هەژاری و بێکاربوون، نارەزایییە کارێکارییەکان لە کوردستان زیاد بوو. ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاری وەک کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدانی دروستکردنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و کۆمیتەی بەدواداچوون بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕێکخستنی نارەزایییەکاندا هەبوو.

یەکەمی مانگی مەی لەم دەیەیەدا، سەرەڕای فشاری بەهێز، وەک نیشانەی بەرگری کارگەری زیاتر سەیر کرا. کرێکارانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن، ڕێکخستنی کۆبونەوەی بچووک و بەکارهێنانی شێوازە داهێنەرەکان وەک نووسینی دروشمی نارەزایی لە بۆشایی گشتی، هەوڵیان دا ئەم ڕۆژە بە زیندوویی بهێڵنەوە.

لە دەیەی ١٣٩٠، بۆشایی ئەمنی زیاتر توند بوو، بەڵام نارەزایی و کۆبونەوە کرێکارییەکان بەتایبەتی لە شارەکانی وەک سنە، مەریوان، سەقز و مەهاباد بەردەوام بوو. چالاکوانی کرێکاری وەک شاهرۆخ زەمانی،جەلیل مۆحەمەدی، محمود ساڵحی و عوسمان ئیسماعیلی لەم ساڵانەدا بە دەیان جار دەستگیرکران و فشار لەسەریان کرا.

### ٤. دەیەی ١٤٠٠ تا ئێستا: بەردەوامی نارەزایی و یەکگرتنی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

لەگەڵ زیادبوونی کێشە ئابوورییەکان، چەوساندنەوەی بەرفراوان، و نارەزایییە گشتگیرەکان، بزووتنەوەی کارێکاری کوردستان بووەتە یەکێک لە پایەکانی نارەزایی کۆمەڵایەتی. ڕێزلێنان لە ڕۆژی جیهانی کرێکاران لەم ساڵانەدا بە بەشداری زیاتری کارگەران،خوێندکاران، مامۆستایان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر هاوڕا بوو.

لە ساڵەکانی دواییدا، نارەزایی گشتگیری کارگەران، بەتایبەتی لە بەشەکانی وەک نەوت، پترۆکیمیایی و کانزاکان، نیشانیدا کە چینی کرێکاری کوردستان نەک تەنیا بۆ مافەکانی خۆیان، بەڵکو لە یەکگرتینیدا لەگەڵ بزووتنەوە نارەزایییەکانی تریش خەبات دەکەن. ڕۆڵی میدیای کۆمەڵایەتی لە زانیاری و هاوئاهەنگی نارەزایییەکان زیاد بووە و چالاکوانانی چەپ و کرێکاری لەم ئامرازانە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان سوودمەند بوون.هاوڕایی چالاکوانانی سیاسی،تەشکیلاتی و مەدەنی لە گەڵ خەباتی چینی کرێکار لە کوردستان وەک باڵێکی تری خەبات بۆ بەدیهێنانی مافە بنچینەییەکان و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لەم چل و چەند ساڵەی حاکمیەتی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی ،زۆر بەر چاو و دیارە.

کۆمەڵە بە هەموو باڵەکانیەوە لەم خەباتە چینایەتییە زۆر ڕۆڵی کاریگەری بووە و درووشمەکانی ڕێپێوانەکانی ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی لە شارەکانی کوردستان لە سەر ڕێبازی سووسیالیستی هێمایەکی ڕووناکە بۆ داهاتووی بزووتنەوە جەماوەرییەکان،بە تایبەت بزووتنەوەی پێشکەوتووی کرێکاری لە کوردستان.

«««

بە بەڕێوەبردنی ئاشکرای ڕێورەسمی سەربەخۆی یەکی مانگی مەی، لە شکڵ و شێوەی جۆراو جۆر و شوێن و مەکانی جیادا، شێلگیرانە پشتیوانیان لە مافی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە و بەڕێوەبردنی سەربەخۆیانەی ڕێوڕەسمی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار کردووە. ئاڵای خەباتی سەربەخۆی کرێکاری خۆیان بەرزکردووەتەوە و داخوازی ئابووری و سیاسی خۆیان ڕاگەیاندووە و لەسەر خواستە چینایەتیەکانیان پێداگرییان کردوە تا سوننەتی بەڕێوەچوونی مەڕاسمە سەربەخۆ و ئاشکراکان لە شارەکاندا زیاتر جێبکەون.

ئێستا جەماوەرێکی بەرین لە کرێکاران و زەحمتکێشانی کوردوستان لە سەر ئەساسی وەها ئەزموون و تێکۆشانێک لەگەڵ ئەم سوننەتە ئاشنان و گرینگی و پێگەی ئەم ڕۆژە بە چاکی دەناسن. لەم نێوانەدا کرێکارانی وشیار و پێشڕەو کە دڵیان لە گرەوی ڕزگار بوونی خۆیان و هاوچینانەکانیان دایە دەزانن کە چلۆن ئەسبابی ئاسودە بوونی خەیاڵی خوازیارانی بەشداری کردن لە ڕێورەسمەکانی تایبەت بە ڕۆژی کریکار دا جێبەجێ کەن.

بۆ کریکارانی کوردستان ئەم ڕۆژە، ڕۆژی وەبیر هێنانەوەی سوننەتێکی چینایەتییە، لە ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی و ڕۆژی ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران دنیا و ڕۆژی بەرپا کردنی شادمانی و جێژن گرتنە و ڕۆژی ڕیزگرتنە لە سوننەتێکی کرێکاری و ڕۆژی وەبیر هێنانەوەی سەرکەوتنەکانی تائێستای کرێکاران و ڕۆژی هێنانەگۆڕی خواست و داواکاریەکان و جەخت کردنەوە لە بڕیارنامەکانی ئەم ڕۆژەیە.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی بە هەر ڕادەیەک لە بزوتنەی کرێکاران و هەوڵدانیان بۆ هاوپشتی و بە یەکەوە تێکۆشانیان هەستیارە و هێندێک هەڕەشەش دەکات وکۆمەڵێک کۆسپیش ساز دەکا، بەڵام ئەزمونەکانی ساڵانی ڕابردوو بۆ کرێکارانی دەرخستووە کە هەڕەشەکانی ڕژیم لە بەرانبەر ئیرادەی یەکگرتووانە و ڕێکخراوی کرێکاراندا کاراییەکی ئەوتۆی نییە. سەرجەم ئەزموونەکانی تا ئێستا سەلماندوویانە کە سەرەڕای ئەوەیکە کۆماری ئیسلامیی مافی ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ و کۆبونەوە و نارەزایەتی زەوت کردووە، بەڵام بە شێوەی ڕەسمی، هەم پشووی ڕۆژی جیهانی کرێکار و هەم ئەنجامدانی ڕێپێوانی قەبووڵ کردووە. لەم ڕووەوە لە بەرانبەر ئیرادەی یەکگرتوانە و ڕیزی ڕێکخراوی کرێکاراندا کارێکی بۆ ناکرێت و ناچارە بوون و بەشداری کرێکارانی یەکگرتوو لە مەڕاسمەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکاردا قەبوڵ بکات.

ئەوەڵی مانگی مەی نەتەنیا ڕۆژی شادییە، بەڵکو لە هەمانحاڵدا ڕۆژی وەبیر هێنانەوەی دەرد و ئازارە هاوبەشەکان و ڕۆژی دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەر کردنیشیانە. ئەم ڕۆژە، نەک هەر ڕۆژی ڕیزگرتنە لە سوننەتێکی مێژوویی کرێکاری، ڕۆژی بڕیاردان و پەیمان بەستنیشە. ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوەیە بۆ یەکگرتووی و یەکریزی زیاتر، هاوپشتی زیاتر، خەباتێکی هەمەلایەنە ترو دەستەبەر کردنی دەستکەوتی زیاتریشە.

ئەمرۆ ژیان و گوزەرانی کرێکارانی فەسڵی کە لەبەر نەبوونی کار ڕوو لە شارە گەورەکانی تری ئێران دەکەن، لە باشیدا نییە . کرێکارانی کوورەخانەکان ، هەر وا لە مافی خۆیان بێ بەشن و لە ژێر باری کاری تاقەت پرۆکیندا پشتیان دەچەمێتەوە و بەداخەوە بە حەقدەستێکی کەم خەریکی کارو کۆێرەوەرین. لە ناو خۆی کوردوستانیش بە پێی ئاخرین زانیارییەکان، کوردوستان لە ژێر شەپۆلی بێکاری دایە و شاری سنەو کرمانشان ساڵی ڕابردوو بەرزترین ڕیژەی بێکاریان لە هەموو ئیراندا تۆمار کردووە. پاش سنە و کرماشان ،شارەکانی تری کوردستانیش لەگەڵ شەپۆلی بێکاری ڕووبەڕوو بوون.

بە داخەوە سەرباری هەموو ئەم کێشانە هەڵاواردن و ستەمی نەتەوایەتی زیاتر لە هەمیشە لە ژیانی ئابووری و نان و مەعیشەتی ڕۆژانەی خەڵک دا ڕەنگی داوەتەوە. کۆماری ئیسلامیی تەنانەت لە ژێر بەرقی سەرەنێزەی هێزە چەکدارەکان و سوپای پاسدارانیشدا ئامادە نییە لەم ناوچەیەدا سەرمایەگوزاری درێژماوە بکات. خزمەتگوزاری گشتی لە نزمترین ئاستی خۆیدایە و کەمترین ڕێژەیداهاتی گشتی بۆ بیهداشت و بیمە کۆمەڵایەتیەکان لەکوردستان تەرخان دەکرێت. ڕێژەی نەخوێندەواری لەکوردستان هەروا لە چاو شوێنەکانی دیکەی ئێران لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە.

دەیان هەزار لە لاوانی بێکار لە کوردستان ڕوویان کردۆتە پیشەی سەختی کۆڵبەری لەسەر سنوورەکان. ڕێگای هاتوچۆی کۆڵبەرانی زەحمەتکێش کە تەنیا سەرچاوەی بەڕێچوونیان هەڵگرتنی کۆڵێکە کە لەم دیوی سنوورەکان بۆ ئەودیوی دەیگوازنەوە، مینرێژ کراوە و ڕۆژانە دەدرێنە بەر ڕێژنەی گوللە و ساڵانە دەیان کەسیان گیان لەدەست دەدەن و سەدان کەسیان کەم ئەندام دەبن.

لە یەکسالی ڕابردوودا لانیکەم ٧١٢ حاڵەتی پێشێلکاری مافەکانی کرێکاران لە کوردستان تۆمار کراون. لەو ڕێژەیە ٦٩ کرێکار بە هۆی ڕووداوی شۆینی کارەوە گیانیان لەدەسداوە کە تەمنی یەکێکیان ژێر ١٨ ساڵ بووە. لە ساڵی ١٤٠٣دا، بە کۆی گشتی ١٨٣ کۆڵبەر لە ناوچە سنوورییەکان و ڕێگاکانی نێوان پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕژیم، ڕنوو و سەرما، کەوتنەسەر مین، کەوتنەخوارەوە لە شاخ و بەرزایی و ڕووداوی دیکە کوژران و بریندار بوون. بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان، ڕووداوەکانی شوێنی کار لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لەچاو ساڵی ڕابردوو، نزیک بە ١٠ لەسەد زیادی کردووە. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە هەر لەو ماوەیەدا، ژمارەیەکی زیاتر لە کارگە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان داخروان و کرێکاران، ١٠ لەسەد زیاتر بێکار بوون.

شکۆداربێ یەکی ئەیار ڕۆژی جیهانیی هاوپشتیی چینی کرێکار

# سوریا بەرەو کوێ؟



سروە مستەفازادە

چەند ڕۆژێکە بۆ جارێکی دیکە نائارامی و گرژییەکان لە سوریا پەرەی سەندووە، و ڕۆژانە هەواڵی کوژرانی هاوڵاتیانی سووری لەناو میدیاکاندا بڵاودەکرێتەوە، لە ئێستادا دروزەکان کەوتوونەتە ژێر پەلاماری گروپە چەکدارەکانی حکومەتی کاتی، پێشتریش عەلەوییەکان کۆمەڵکوژ دەکران و کوردەکانیش لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ژێر هەڕەشەی جدی دان. دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لەو وڵاتە هەوڵ دەدات بە جۆرێک ڕەوایەتی سیاسی و دەسەڵاتی سەربازی بەسەر سوریادا بسەپێنێت، بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانی نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت و هەر جارە و لە ناوچەیەکی ئەو وڵاتە ئەو جۆر لە ڕووداوانە دووبارە دبێتەوە، لێردەدا پرسیار ئەوەیە هۆکاری ڕوودانی ئەو پێشهاتانە چییە و لە کۆتاییشدا چۆناوچۆن و لە ڕێگەی چ میکانیزمێکەوە دەتوانێت چارەسەر بکرێت.

١- سوریا وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرەئاییینە، پێشتر ئەو نەتەوە و ئاییینانە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعس و لە ڕێگەی بەکار هێنانی هێز کۆنترۆڵ دەکرا، بەڵام لە ئێستادا ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە نەماوە ، لە ئێستادا حکومەتی کاتی تەنها دەسەڵاتی بەسەر کەمتر لە ٤٠٪ وڵاتەکەدا هەیە و ناتوانیت ڕۆڵی حکومەتێکی بەهێز و بەدەسەڵات بگێرێت.

٢- حکومەتی کاتی سوریا نەک لە ڕێگەیەکی دیموکراسییەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی ئاڵوگۆری سیاسیی و بەتایبەت ڕووداوەکانی دوای حەوتی ئۆکتۆبەر و هەر وەها دەستوەردانی هەرێمی هاتووەتە سەر دەسەڵات، بۆیەش ڕەوایەتی و هەژمۆنی بەسەر هاوڵاتیانی سوریا لە زۆربەی ناوچەکاندا نییە، کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان هاوپەیمانی ئەمریکا و بەرادەیەکی زۆر وڵاتانی ئورووپایین و هاوکات ئیسرائیل پشتیوانی لە دروزەکان دەکات و ئێرانیش لایەنگری عەلەوییەکانە، بۆیەش لە زیاتر لە ٦ ٪ خاکی سوریە فەرمانرەوای سەرەکی نەک ئەحمەد شەرع بەڵکوو دەسەڵاتدارانە لە واشنگتۆن، تەلاڤیف و تاران.

٣- حکومەتی کاتی لە گروپگەلی جیاواز پێکهاتووە کە زۆرتر بە مەبەستی ئامانجێکی ئایدیۆلۆژی و توند ئاژۆی ئیسلامی لە دەوری یەکدی کۆبوونەتەوە، نەک چوارچێوەیەکی مۆدێرن بۆ بەڕێوەبردنی ئەمرۆییانەی وڵات کە لە ڕێگەیەکی دیموکراتیک و هەڵبژاردن و لە کێبڕکێیەک بە بەشداری پارتە سیاسییەکان بۆیەش بەرژەوەندی ئەو گرووپانە جیاوازە و حکومەتیش دەسەڵاتی ڕەهای بەسەریانەوە نییە، لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی حکومەتی ئەحمەد شەرع هاوڵاتی سوری نین و بۆیەش هەستێکی نەتەوایەتی بەسەریاندا زاڵ نییە و زیاتر لە ژێر کاریگەری ئیدئۆلۆژی ئیسلامی دان، بۆیەش ئەگەری ئەوەی لە درێژ مەودادا جیاوازی بەرژەوەندی لە ناویاندا دروست بێت زۆرە و لەو کاتەدا هەر کام لەو گرووپانە قازانجەکانی تایبەت بەخۆیان پەیرەو دەکەن.

٤- وڵاتانی هەرێمی کاریگەری سەرەکیان لە سوریا هەیە، تورکیا پشتیوان و هاوپەیمانی سەرەکی ئەحمەد شەرعە و لە راستیدا هۆکارێکی سەرەکی دەسەڵاتگرتنیشی بووە و پشتیوانی لە حکومەتی کاتی دەکات و هەژمۆنی تەواوەتی بەسەر کابینەکەیدا هەیە بۆیەش پێناچێت بەبێ ڕازیکردنی ئەردۆغان حکومەتی کاتی بتوانێت هەنگاوێک هەڵگرێت ، ئیسرائیل پاڵپشتی دروزەکانە و لەو ڕۆژانەدا ناتانیاهو بەردەوام هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر هێزە ئەمنییەکانی سەر بە ئەحمەد شەرع هێرشەکانیان بۆسەر دروزییەکان ڕانەگرن هێرشیان دەکاتە سەر و لە دواین ئۆپراسیۆنیشیدا تەنانەت دورووبەری کۆشکی سەرۆکایەتی سورییە کە شوێنی نیشتەجێ بوونی شەرعە بۆردومان کرد وەک پەیامێکی ڕوون لەو بارەیەوە، ئەمریکا وبە رادەیەک فەڕەنسا هاوپەیمانی کوردن، واشنگتۆن کورد بە هاوبەشی خۆی لە شەڕ دژی داعش دەزانێت و نایەوێت وا بە ئاسانی دەستبەرداری ڕۆژئاوا بێت و بۆ چەندین جار دووپاتیشیکردووەتەوە کە ئەگەر هێزەکانی هەسەدە نەمێنن داعش دووبارە سەرهەڵدەداتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بە هەزاران ئەندامی داعش و بنەماڵەکانیان لە ژێر دەسەلاتی کورددان و هەر جۆر مەترسییەک لەسەر هێزەکانی هەسەدە دەتوانێت نیگەرانی گەورە لەوبارەیەوە دروست بکات، لە لایەکی دیکەوە ئەگەرچی ئێران لە ئێستادا هەژمۆنی پێشتری لە سوریە نەماوە، بەڵام خامنەیی چەندین جار جەختی لەوە کردووەتەوە کە دوبارە شۆڕش لە سوریە سەرهەڵدەداتەوو وەک هێمایەک بۆ خۆتوکمەکردنەوەی گرووپەکانی سەر بە تاران لە سورییە ، بۆیەش بڕیاردەرەکان و فەرمانبەرانی سوریا نەک لە دیمەشق بەڵکوو لە پایەتەختەکانی ئەو وڵاتانەوە دەدرێت.

بە خوێندنەوەی سروشتی بارودوخەکە دەتوانرێت لێرەدا بگوترێت، ئەگەر ڕۆژگارێک سوریا لە ریگەی حکومەتێکی ناوەندی و بەکارهێنانی هێزەوە کۆنترۆڵ دەکرا لە ئێستادا حکومەتی ناوەندی لاوازە و توانای سەپاندنی هەژمۆنی بەسەر ئەو وڵاتە فرەچەشن و فرە نەتەوەیەدا نییە.

حکومەتی کاتی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی نارازییەکان لە چوارگۆشەی سوریا کۆنترۆڵ بکات، بەڵام بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەی کە باس کرا ڕەنگە نەتوانێت بگات بە ئامانجەکانی.

لێرەدا و لە کۆتاییدا وەک ئەو جۆرەی کورد و دروزەکان پێشنیازی دەکەن پێکهێنانی جۆرێک لە حکومەتی لامەرکەزی یا خود فیدراڵی دەتوانێت تاکە ڕێگەیەک بێت بۆ ئەوەی ئاوێکی سارد بکرێت بەسەر ئاگری ئەو شەڕوپێکدادنەدا، چونکە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەنووکەی سوریە و پێکهاتنی حکومەتێکی دیموکراتیک کە نوێنەرایەتی کۆی گشتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بکات زەحمەتە.

ئەگەرچی هەر ئەو جۆرەی باسکرا دەستوردانە هەرێمییەکان بەتایبەت حکومەتی تورکیا لە داهاتوودا لەبەرانبەر ئەو پێشنیازە بەربەستی جدی دروست دەکات بۆیەش ڕەنگە ئەو ئامانجە زۆر بە ئاسانی جێبەجێ نەبێت و وەها ئامانجێک پێویستی بە دانوستانێکی نێودەوڵەتی هەبێت کە تێیدا هەر کام لەو وڵاتانە بتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە سوریە دەستەبەر بکەن.

# توێژینەوەی دروشمەکانی سەردەمی شۆڕش

محەمەد موختاری
و: هەژار

لێکدانەوەی ئەو دروشمانەی لە کاتی شۆڕشدا باو بوون و دەدران، دەبێتە هۆی ناسینی هۆکارەکان و تایبەتمەندییەکانی شۆڕش و هەروەها یارمەتیدەری ئەمڕۆی ئێمە دەبێت بۆ ناسینی دۆخی ئەوسای ئێران. لە ڕاستییدا دەتوانین لە ڕێگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی گرۆپ گەلی جۆراوجۆر کە دارێژەری دروشمەکان بوون، مونوگرافی و دۆخی دیارو ئاوەزی کۆمەڵگەی ئەوسای ئیران بە گشتی ڕوون بکەینەوە. دروشمەکان، گێرانەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کولتوور و فەرهەنگ، ئیدئولوژی، هەست و سۆز و ڕادەی ئاگاییە و هەروەها قۆناغەکانی کردەوەی چینایەتی و ستراتیژی و تاکتیکی گرۆپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە و کەسایەتی مرۆڤەکان و ناسینی شۆڕشە. بە ناسین و پێناسەکردنی ئەوان پەیوەستە. لە ڕێگەی دروشمەکانەوە دەتوانین بزانین کە:

**١- ئەو کۆمەڵگەیەی کە خەڵک هەستیان کرد دەبێ شۆڕش بکەن چی و چۆن بوو؟**

**٢- خاڵی هاوبەشی خەڵک چی بوو؟**

**٣- داواکارییەکانی سەردەمی شۆڕش چی بوون؟**

**٤- هێلی شۆڕشی خەڵک چ ڕێگەو قۆناغگەلێکی بڕی؟**

**٥- چ گرۆپگەلێک بەشداری شۆڕش بوون؟**

**٦- ڕێبەری چۆن و بۆ چی بەم شێوەی بە سەر هات؟**

**٧- بارودۆخی دوای شۆڕش دەبوا بە چ شێوەییەک بېوایێت و ئێستا بە چ شێوەییەکە؟**



هەر کام لە دروشمە ستراتژی و تاکتیکی و پڕوپاگەندانە وڵامی بەشێک لەو پرسانەی سەرەوە دەداتەوە. دروشمە ستراتیژیەکان ئامانجگەلی قۆناغێکی تایبەتمان بۆ دەگێڕنەوە. گرنگترین دژایەتییەک کە لەهەر قۆناغێکدا بۆ خەڵک گرنگ بووە، دەگێڕێتەوە. ئەم جۆرە دروشمانە ڕێگە گەلێکن کە خەڵک بە سەرنجدان بە دژایەتی کۆمەڵگا دەدوزییەوە و یان ڕووی دەکرد و دەخست. ئەم دروشمانە لەوەی کە دەبێ بروخێت. لە نێو بچێت، قسە دەکات. هەروەها لەو نیزامەی کە دەبێ بێتە جێگرەوەی ئەو نیزامەی کە دەبێ بڕوات. ڕوون و هەواڵمان پێ دەدات. هەروەها نیشانی دەدات کە چ هێز گەڵێک لە بەربەرەکانێ و قۆناغی جیاوازی ئەو شۆڕشەدا بەشدارییان کردوە. ستراتیژی و ڕادەی توانایی و کارایی و سنووری کردەوەی شۆڕشگێڕانەیان تا چ ڕادەییەک بووە. کام گرۆپ لە سەرەتاو سەردەمی ئارامی بزووتەنە و کام گرۆپ لەسەرنجام و سەردەمی رادیکالی شۆڕش، لەچۆنیەتی ڕوون و بەئاکام گەیاندنی کاریگەری زیاتری هەبۆە. بەمجۆرە دروشمی تاکیتیکیش، پرسی تایبەت بە خۆیی دادەرێژێت و دێنێتە گۆڕ. هەلچوون و داچوون و هێدی و توندبوون و ناسنامەی لە حاڵی گۆڕانی هەر قۆناغێکدا نیشاندەدات. وێنەی جۆراوجۆر لەدژایەتی و مانگرتنەکان نیشاندەدات. کردەوە و خۆپیشاندانی سەر شەقامی خەڵک بە وردی نیشاندەدات. لە جێگەییەک داوا لە سەربازەکان دەکات خزمەتی سەربازی نەکەن و ڕابکەن و لە جێگەییەکی دیکە باس لە نابودکردن و کاوڵکردنی ئەرتەش دەکات. ڕۆژیەک باس لە چەکداربوونی خەڵک دەکات و ڕۆژی دیکە پشتیوانی لە دروستبوونی ئەرتەشی خەڵک دەکات. دروشمگەلێک کە تەنیا لایەنی پڕوپاگەندەی هەیە.

زۆرجار باس لە شتێک دەکات کە ئاوێتەی ژیانی خەڵک بووە،و هەر بەم هۆیەش کاریگەری زۆری داناوە و زۆر جار باسی لە پرسێک کردوە کە ئاوێتەی ژیانی خەڵک نەبووە و هەر بەم هۆیەش کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر هەموو خەڵک دانەناوە. ئەم پرسە تایبەتە سەبارەت بە دروشمی پڕوپاگەندە کۆمەڵێک لە گرۆپە سیاسیەکان دەگرێتەوە، چۆنکا ئەم جۆرە گرۆپانە لە بیریان چ بۆەوە کە ئەم جۆرە دروشمانە، دەبێ ئەو جۆرە بێت کە تەنانەت سادەترین مرۆڤەکان بتوانن هەستی پێ بکەن و لێی تێبگەن.

# پرسە بنگەییەکان بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان





نەوید مێهرئاوەر

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وەک حێزبێکی سیاسی دەروەست و بەرپرس لە بەرانبەر داخوازییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بە خۆ فرموولەکردنێکی زیاتر هەیە. هەر بۆیە وێڕای کاری چڕوپڕ بۆ ڕوونکردنەوە و فورموولەکردنی ڕوانگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە مەڕ پرسە بنگەییەکان، لەوانە پرسەکانی نەتەوەیی، ژنان و چینایەتی، پیویستە کە ئەم پرسگەلە زیاتر بورووژێنن تا ڕەنگە دۆستانی دیکە و چالاکانی سیاسی و ڕۆشنبیرانی کوردستان و خەمخۆرانی خەڵکی کوردستانیش جگە لە ئەندامان، بەشداری ئەم باسانە بن و ببن بە یارمەتیدەری ئێمە و پێکەوە بۆ ئاسۆی بە تەمومژکراوی پرسی کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو هەنگاوی جیددیتر و ڕوونتر لە ئێستە بنێین.

کۆمەڵە هەر لە سەرەتای بەشداریکردنی لە بزووتنەوەی کوردستان و خۆ ناساندنی بە خەڵک لەم شۆڕشەدا دەوری کاریگەری لە سەر ئەو سێ پرسە لە کوردستان بووە و سەرەڕای

فەراز و نشێوەکانی بەردەمی خۆی و ڕووداوە تاڵەکان جێپەنجەی دیارە و هێشتا لە کۆمەڵگە جێ هیوایە و ئاڵاهەڵگری یەکێک لە ئاسۆە ڕوونەکانە بۆ گەیشتنی خەڵکی کوردستان بە کەنارێکی ئارام و کۆمەڵگەیەکی شیاوی ژیانی مرۆڤ.

کۆمەڵە لە شۆڕشی کوردستاندا بەشداریی هەمەلایەنەی کردووە و خەڵکی کوردستانی بۆ وەدیهێنانی مافەکانی خۆیان هانداوە و پێشەنگایەتی کردووە و نێوەڕۆکی ئۆمانیستی بەم خەباتە بەخشیوە و کاریگەر بووە لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی دیکە بۆ شۆڕشەکە و پووچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەت و ناو و ناتۆرەیە کە لە لایەن دووژمنان و دەسەڵاتدارانەوە دەخرایە پاڵ خەڵکی کوردستان و شۆرشەکەی.

کاتێک کە کۆمەڵە پرسی ژنی لە کوردستان وروووژاند لە لایەکەوە دوژمنان و کۆنەپەرستان کەوتنە دژایەتیکردن و تۆمەت لێدان و هەموو ئیمکاناتی مرۆیی و مادی خۆیانیان خستەگەڕ تا لەو تابۆ شکاندنەی کۆمەڵە بە قازانجی دواکەووتویی و پاراستنی باڵادەستیی نێرینە کەڵک وەربگرن لە لایەکی دیکەوە بەداخەوە بپارێزانی ئەودەمی نێو شۆێشی کوردستانیش دەوریان لە هەوڵ بۆ خەوشداركردنی کۆمەڵە کەم نەبوو بەڵام بە خۆشیەوە نە دووژمنایەتی داگیرکەران و مەداحانی ئێرانی نە بەرچاو تەنگیی ناوخۆیی نایانتوانی ڕێگە لە گەشەی خەباتی ژنان لە کوردستان بگرن و سەرەڕای نیزامی ئایینی و بە خزمەتگرتنی خوێندنگە، میدیا و مزگەوت و هەموو دەرفەتەکان لە لایەن دەسەڵاتی ئایینیی پیاوەمزنەوە سەرەڕای پەرەدان و ڕەواییدان بە ژنکوشتن و بێبەش کردن لە بەش و بە شێوەی یاسایی، بیری ئازادیی ژن و ڕزگاری کۆمەڵگە کە بە پرسی ژنەوە بەندە زۆر پەرەی گرتووە و بەشداری و خۆڕاگریی ژنانی ئازادیخواز کاریگەر بووە و ئەو گووتارە ئێستە ئیتر مڵکی کەس نییە و بزووتنەوەی کوردستان خاوندارییەتی لێدەکات.

گەڕاندنەوەی حورمەت بۆ کرێکار و زەحمەتکێش بۆ ئەوانەی وزە و ژیانی خۆیان بۆ کڕینی نان ئەفرۆشن لەو شانازیانەیە کە جێ پەنجەی کۆمەڵەی پێوە دیارە. دامەزراندی یەکێتی و ئەنجۆمەنە کرێکارییەکان، یەکێتیی جووتیاران و هتد باوەڕ بەخۆیی بە کرێکار و زەحمەتکێشی کورد بەخشی تا لە کارگا و مەزرا خۆیان بە کویلە نەزانن و لە قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان تێبگەن و کۆمەڵگەی قازانجپەرەستی سەرمایەداری بناسن و هەوڵ بۆ ڕزگاری لە چنگی خاونکار و ئاغاو دەرەبەگی سوننەتی بدەن.

بەشداریی کۆمەڵە لە پرسە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە و شۆڕشی کوردستاندا شوێندانەرییەکی مێژوویە و کاریگەریی خۆی لە شۆڕشی ژینا و "ژن. ژیان. ئازادی"دا نیشاندا بەڵام

> ئەوەیکە پێی دەوترێ کۆڵبەری، لەڕاستیدا گیان دانە لە بەرامبەر پاروو نانێک کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی بەدەست هێنانی تەنانەت لە حاڵەتی ئاسایی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بێبەری کردووە.

ئەوە ڕابردوویە و ئێستە ئیتر شۆڕشی کوردستان و خەڵکی شۆڕشگێر تێگەیشتن و زانیاریی پێویستیان بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانە هەیە و خاونداریێتی لێ ئەکەن هەر بۆیە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەم سەروبەندەی ئێستادا پێویستە ڕوونتر ئاسۆی خۆی بۆ قۆناخی نوێ و خەباتی سەردەمیانە و ئەمڕۆیی بۆ کۆمەڵگە وێنا بکات.

## پرسی نەتەوەیی

هەتا چارەنووسی کوردستان بە ئێرانەوە بەسترابێتەوە و تا ئەوەکاتەی هەلومەرجی گشتپرسیی بۆ کورد بۆ بڕیاردان لەسەرچارەنووسی سیاسیی خۆی دەڕەخسێ - کە دەبێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە شێلگیرانە تیبکۆشین. - کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەبێ هیچ دەرگایەک بۆ هاوکاریی هێزەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لە خۆی دانەخات. پاش ڕووخانی کۆماری سیدارەش بە هەرشیوەیەک یان هەرفۆرمیک خەڵکی کوردستان بڕیاری لە سەردەدا یان هەلوومەرج بە دەر لە ئیرادەی گەلی کورد دەیخوڵقێنێ دەبێ پاریزەری هەر ڕاددە لە دەسکەوت بین کە خەڵکی کوردستان وەدەستی دێنن وهاوکات بە ڕوونیی ویڕای دەربڕینی ڕوانگەی خۆمان و نیشاندانی ستراتژیمان لە پرسی کوردستاندا هەوڵەکانی خۆمان بۆ گەێشتی گەلی کورد بەو ئامانجەی کە کۆمەڵە مەبەستیەتی وەگەڕ خەین و ستراتیژی خۆمان سەبارەت بەو پرسە ڕوون و ئاشکرا بەیان کەین وبە پێ توانای سیاسی، جەماوەری و ماددیی خۆمان کاری بۆ بکەین.

لەم ڕووەوە کە کوردستان تەنیا بەستێن و سەرەکیترین مەیدانی کاری ئێمەیە و پشتیوانیی خەڵک لە ڕووانگەمان و پەیوەستبوونی لاوان بە بەشە ئاشکرا و نهێنییەکانی کۆمەڵەوە و سەرنج و بیروڕای خەڵکی دەرەوەی خۆمان ڕوو لە ئێمە هەر لە کوردستانە و قەڵای لە بن نەهاتوومان هەر کوردستانە، ئێمە حێزبێکی کوردستانین و دەرد و ڕەنج و شادی و خۆشی خەڵکی کوردستان هی ئێمەشە و لەم ڕووەوە پرسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان پرسی سەرەکی ئێمەیە و لە هەموو بوارەکانی ئەو خەباتەدا بەشدارین و خاوندارییەتی لێ ئەکەین.

ئەگەر مێژووی خەباتی خەڵکی کوردستان هەڵدەینەوە پڕ لە داگیرکاری و خوێن و تاڵانکردن و وێرانکردنی ئەو نیشتمانەیە لە لایەن داگیرکەرانەوە، هەر جارە وبە بیانوییێکەوە، هەمیشەش کوردستان لە هەر دەوەرەیەکدا بەشێوەی خۆی تا ئەوجێگایەی کە وزەی فیکری و فیزیکی هەبووە و ڕێبەریی کراوە بەرەنگاری داگیرکەران بووەتەوە و تا ئێستاکەش هەر کوردستان وەک نیشتمانی کوردان ددانی پێدا نەنراوە بەڵام ئەگەر ئەوانەش وەلا نین و باسیان نەکەین تەنیا سەرنجێک بە مێژووی هاوچەرخ بدەین تەنانەت کۆماری کوردستان و ڕووداوەکانی پاش ئەویش وەلا بنێین وەک نموونەیەک پاش ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی لە بەرچاو بگرین کە کوردیش بەقەدەر قورسایی خۆی لە ڕووخاندنیدا بەشدار بوو بینیمان کە چلۆن کۆماری ئیسلامیی کوردستانی داگیرکردەوە و بۆ خەڵکی کوردستان تێچووەکەی چەندە بوو.

## پرسی ژن

پرسی ژن وەک پرسێکی گرنگ و نەک پاش پرسەکانی دیکە بەڵکوو هاوکات لە گەڵ پرسی نەتەوەیی ئەرکی سەرشانی تێکۆشەرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانە، چوونکە کۆمەڵگای کوردستان بە بێ هەنگاوی جیددی بۆ پرسی ژن، وەک مرۆڤ سەرکەوتنی مسۆگەر نییە و ئەگەر کۆماری ئیسلامیش بڕوات و پیاوانی کوردیش دەسەڵاتدار بن هیشتا کوردستان هەر یەخسیر و دیلە، هەر بۆیە نابێ ئێمە دیسانەوە ئەوە قۆناغە ببینینەوە.

## واتای چەپ

وەک چۆن لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی ئەم گۆی زەوییەدا لە پەرلمانەکان و جڤاتەکاندا بەرەی جۆر بە جۆر و لێک جیاواز بە خۆاست و ڕەنگە ستراتیژی جیاوەزیشەوە بوونیان هەیە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیش وێڕای خاوندارێتی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخۆازیی خەڵکی کوردستان بۆ سەروەری خۆی بە ستراتیژیی دیاریکراوی خۆیەوە لە بەرەی چەپی ئەو بزووتنەوە وستاوە و دەوستێ.

چەپ لە ڕوانگەی ئێمەوە دەبێ هەڵگری مەفهوومی ئۆمانیستی، واتا "مرۆڤ تەوەر" بێت و هاوسەنگیی هێز لە نێوان داخۆازییە نوێیەکان و بەرەی سوننەتی دا بپارێزێ.

## پرسی چینایەتی

دەسەڵاتی چینەکانی کۆمەڵگە لەم سەردەمەدا بەسراوەتەوە بە سەرمایەدارییەوە، واتا نەزمی سەرمایەداری هەموو دونیای تەنیوە و ژیانی خەڵک لە سەر ئەو نەزمە

ئەوەیکە پێی دەوترێ کۆڵبەری، لەڕاستیدا گیان دانە لە بەرامبەر پاروو نانێک کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی بەدەست هێنانی تەنانەت لە حاڵەتی ئاسایی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بێبەری کردووە.

سەقامگیرە، دیارە حوکمڕانیی سەمایەداری لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتی دیکە جیاوزایی ڕواڵەتییان هەیە بەڵام بە نێوەڕۆک یەک ئامانج دەپێکێ ئەوەیش بریتیە لە فرۆشتنی وزە لەلایەن زۆرینەی دانیشتوانی کۆمەڵگەوە و سوودبردنی کەمینەیەک، بەڵام لە هەر وڵاتیکدا بە پێ هاوسەنگیی هێز لە نێوان سەرمایەدار و کرێکاراندا شێوە و چۆنییەی هەڵسوکەوتی خاونکار و کرێکار جیاوازە، لە وڵاتانی پیشەسازی کە لە گەڵ پێشکەوتنی تەکنیک ئاستی داخۆازیی خەڵکیش چووەتە پێش ولە هەرکوێ کە کرێکاران خویانیان پتر ڕێکخستوە توانیویانە سەندیکا و یەکێتیی کرێکاران بسەپێنن و تا ڕاددەیەک پارێزگاری لە مافەکانیان بکات و بە یەکێتیی خۆیان لە هەندێ بواردا پاشەکشە بە سەرمایەداری بکەن، لە زۆر شوێنیش یاسای بەرهەم هێنان گۆڕاوە و کرێکارن لە هەندی شوێن کراون بە خاونپشک ئەمە بۆ خۆی ڕێگەی خۆشکردوە تا ئەم شێوە لە حوکمڕانیی ڕەواییەکی دیکە وەخۆی بدات بەڵام هەر هەمان نەزمە و چەوساندنەوە هەر بەردەوامە، لە داهاتووی کوردستاندا چاوەڕۆانی هیچ نەزمیکی دیکە لە بەڕێوەبردن ناکرێت. تەنیا ڕێگەی ئەم سەردەمە ڕێفۆرم لە چوارچێوەی ئەم سیستمەیە بە قازانجی چینی کرێکار و بەهێزکردنی سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، لەم جۆرە دەسەڵاتدارەتییەدا کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەرکیەتی کرێکاران هان بدات و پشتگیرییان بکات بۆپاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ڕێگەی ڕێفۆرمەوە تێبکۆشێ بۆ کەمکردنەوەی مەودای چینایەتی.

# مەستوورەی ئەردەڵان سەرباشقەی ژنانی کوردستان



هاوژین ساڵحی



مەستوورەی ئەردەڵان یەکێک لە ژنانی هۆنەر، نووسەر، مێژوونووس و فەیلسووفی کوردستانە لە سەدەی نۆزدەهەم و یەکێک لەو ژنە کوردە ئەدیبانەیە کە لە سەردەمی خۆیدا پێشەنگ و ڕەچەشکێن و داهێنەر بووە و کاریگەرییەکی بێوێنەی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و بەتایبەت ژنانی کورد هەبووە. لەم بابەتەدا ئاوڕێکی کورت لە مەستوورە خانم و تایبەتمەندییەکانی ئەو ژنە بەهرەدارە دەدەینەوە و هەروەها ئاماژەش بە سەرباشقەبوونی بۆ ژنانی ئەم سەردەمەی کوردستاندا دەکەین. سەرەتاش بە کورتەیەک لەسەر ناساندنی مەستوورەی ئەردەڵان دەست پێ دەکەین.

ماهـ شەرەف خام قادری، ناسراو بە مەستوورە ئەردەڵان، ژنە هۆنەر، نووسەر، مێژوونووس و فەیلەسووفی ناوداری کورد لە بنەماڵەی بەناوبانگی قادرییەکان، لە ساڵی ٢٥٠٥ی کوردی بەرانبەر بە ١٨٠٥ی زایینی، لە شاری سنەی پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەدایک بووە. مەستوورە خانم لە سەردەمی خۆیدا ژنێکی چالاک و پێشەنگ و سەرباشقەی کۆمەڵگە بووە و هەوڵی پێشکەوتن و بەتایبەت لەنێو ژناندا داوە. لە ساڵی ٢٥٤٨ی کوردی بەرانبەر بە ١٨٤٨ی زایینی، لە شاری سلێمانیی پایتەختی میرنشینی بابان، لە باشووری کوردستان لە تەمەنی ٤٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو شارەیش ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی کوردستان کراوە.

ئەولەسەن بەگ یان ئەبولحەسەن بەگی باوکی ماهـ شەرەف خانم، کە یەکێک لە پیاوە ڕەسەن و بەناوبانگەکانی شاری سنە و میرنشینی ئەردەڵان بووە، ماهـ شەرەف خانمی فێری خوێندن و نووسین بە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی کردووە.

مەستوورە خانم لەو سەردەمەدا ژنێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بووە و بە شێوەیەکی سەردەمیانەی ئەوکات شارەزایی لەو زمانانەدا هەبووە و ناوبانگی دەرکردووە. دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت لە میرنیشنی ئەردەڵاندا گۆرانی شێوەزاری فەرمیی میرنیشنەکە و مەستوورە وێڕای شێوەزاری گۆرانی، شێوەزارەکانی تریشی زمانی کوردیشی زانیوە. شایانی باسە کە لە سەردەمی میرنشینی ئەردەڵانەکان، "خەسرەو خانی ئەردەڵان" کە والیی سنە بووە، لەگەڵ ماهـ شەرەف خانم ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە.

مەستوورە ئەردەڵان، بە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی هۆنراوەی هۆنیوەتەوە و بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان زیاتر لە بیست هەزار دێڕ (بەیت) شیعری بە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی نووسیوە کە زۆرتر بە شێوەی غەزەل، قەسیدە و وردەبابەت نووسراون. هەروەها لە نووسینی بابەتەکانی تر و بەتایبەت مێژوو دەستێکی باڵای هەبووە و یەکەمین ژنی مێژوونووسی کوردستان و نەتەوەی کورد و تەنانەت یەکەمین ژنی مێژوونووس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژاوای ئاسیا بووە و بە یەکێک لە ژنە مێژوونووسە بەتواناکانی جیهانیش ناوبانگی دەرکردووە. مەستوورە وەک ژنێک کە "شتێکی سەرنجڕاکێش"ی لە ژیانیدا کردوو، ئەوەیە کە لەو کاتەدا ژنان زۆر لەسەر مافەکانیان نەیاندەزانی، بەڵام ئەو گرنگیی زۆری بە ژنان و مافەکانیان دەدا و ئەوەی کە ئەم کەسایەتییە ئیلهابەخەشە کردی، ئەوەیە کە توانی ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە و دوای ئەو ئارەزووانە کەوت کە ژنانی تری سەردەمی خۆی بیریان لێ نەکردبووەوە، هەر بۆیە بۆ هەموو ژنانی ئەو سەردەم و تەنانەت تاکوو ئێستەش کە بۆ مافەکانیان وەک ژنی کوردستانی تێ دەکۆشن، سەرباشقەی لێی فێربوونە.

بەرچاوترین کتێبی مەستوورە خانم لە بواری مێژوونووسییەوە، کتێبی "مێژووی میرنشینی ئەردەڵان" بووە کە بە زمانی فارسی نووسیویەتی و دواتر مامۆستا هەژار موکریانی وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی.

کاتێک باسی مەستوورە خانم وەک ژنێکی پێشڕەو دەکرێت، ناکرێت ئاماژە بەو بیرەوەرییەی دوکتۆر جۆج کۆرمیکی بریتانیایی نەکەین کە لە دەورانی ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان سەردانی میرنیشینی ئەردەڵانی کردووە و بە شێوەیەکی جیاواز باسی لە مەستوورە خانم گێڕاوەتەوە. د. جۆرج کۆرمیک کە لە ساڵی ١٨١٠ ز. دوکتۆری دەرباری شانشینی قاجاڕ بووە، هاتووەتە کوردستان و سەردانی دەرباری میرنیشینی ئەردەڵانی کردووە. ناوبراو لەسەر گەشتەکەی و میرنیشینی ئەردەڵان و بەتایبەت مەستوورە خانم بەو شێوەیە باسی کردووە کە لە بواری خوێندەواری و ئەدەب لە دەورانی ئەمانوڵڵا خاندا سنە ئەو فەزا کراوەیە کە نیسبییەی کچان و ژنانی سنەی تێدا ژیاون و ئاماژەی بەوەش داوە کە مەستوورە خانمی تێدا هەڵکەوتووە، کە ئەو کاتەی ئەو وەک هۆنەر ناوی ڕۆیشتبوو و ڕەنگە وەک تاکە ژنێکی سەدەی نۆزەدەیەم کتێبی مێژوویی و هۆنراوەی دەنووسی، لە بەریتانیـا جەین ئۆستن نەیدەوێرا وەک ژن ڕۆمانەکانی بەناوی خۆیەوە چاپ و بڵاو بکاتەوە و هەروەها هیچ دەزگایەکی ئەکادیمیش نووسراوە و بەرهەمی مێژوونووسی ژنی وەرنەدەگرت، بۆیە هیچ مێژوونووسێکی ژن لەو سەدەیەدا نییە؛ بۆیە مەستوورەی ئەردەڵان وەک ڕووناکی لە تاریکیدایە و ئەمەش نیشاندەری پێشکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەت میرنیشینی ئەردەڵانە.

# ڕۆڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا

**پاش زیاتر لە ٤ دەیە لە دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیو بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی زەبر و زەنگ بۆ بێدەنگ کردنی دەنگی ناڕەزایی خەڵک، بەڵام بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان هەمیشە روو لەگەشە و پێشکەوتن بووە. لە هەر کوێیەک ستەمێک کرابێت بزوتنەوەی جەماوەریی بێدەنگ نەبووەو دەنگی ناڕەزایی دەربڕیوە. لە ئێستا لە ژێر چەندین ناوی ماناداری وەک بزوتنەوە دژی سێدارە یان بزوتنەوەی دادخوازییو .. هتد، خەڵکی هۆشیار و خەباتکار دژ بە سیاسەتی سەرکوت و ئێعدامی ڕژیمی هەڵوێستی ئاشکرای دەربڕیوە. بۆ زیاتر تێشکخستنەسەر ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانە دواڕۆژ وتووێژێکی لەگەڵ هاوڕێ فایەق ڕەسوڵی، ئەندامی کۆمەڵە سازکردوە.**



### پێوەندی نێوان بزووتنەوەی دادخوازی و بزووتنەوەی دژ بە سێدارە

یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی بزووتنەوەی دادخوازی دۆزینەوەی ڕاستیەکان و سەقامگیر کردنی دادپەروەریە. سڕینەوەی فیزیکی و لە ناو بردنی مەبەستی سەرەکی هیچ گرفتێک لە ناو کۆمەڵگا چارەسەر ناکا. هەر بۆیە ئێمە بە دوای چارەسەریی بنەڕەتی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان داین.

هەر وەک دەزانین، بەشێک لە حوکمەکان بە سەر بەندکراوە سیاسیەکان دا دەسەپێندرێن، ئەویش تەنیا بە هۆی جیاوازی بیر و ڕا و سەلیقەیە! کە وا بوو زۆرێک لەم بنەماڵانەی ئەوڕۆ وەک بنەماڵەی دادخوازان پێناسە دەکرێن، خۆیان لە قوربانیانی سزای سێدارەن و تەنیا بە هۆی جیاوازی بیر و ڕای ئازیزانیان، ئەوانیان لە دەست داوە. کەوابوو دژ بەم کەرەسەی سەرکوت و سانسۆڕە بوەستن و بەشێک لە خەباتی دادخوازانەیان تێکەڵی تێکوشانی دژ بە سێدارە بکەن. هەر وەک دەبینین، ئەوڕۆ زۆرێک لە بنەماڵەی دادخوازان لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی دژ بە ئێعدامن و ڕۆژانە خەریکی بەرخۆدانن.

### پێوەندی نێوان بزووتنەوەی دژ بە سزای سێدارە و بزووتنەوی سەرەونخونی

ئەسڵەن سەرەونخونی چیە و بە چ مانایە؟ هەندێک دەستە و تاقم و کەسایەتی کە بە هۆکاری جیاوازی سیاسی، کۆمەڵایەتی، عەقیدەتی و ئابووری دەگەڵ حکومەت کێشە و بەرکەوتنیان هەیە، گەرەکیانە بیگۆڕن، یا بە واتایەکی تر "سەرەونخونی کەن" یا بیرووخێنن، لە چوارچێوەیەکدا خۆیان دەبیننەوە کە پێی دەڵێن "بزووتنەوەی سەرەونخونی". لە لایەکی تریشەوە، کۆماری ئیسلامی بەردەوام بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی جۆراوجۆری وەک سێدارە، دەستی داوەتە سەرکوت و لە ناو بردنی نەیارانی خۆی.

کاتێک کە باس لە سەرەونخونی دەکەین، بەو مانایەیە کە ئێمە گەرەکمانە شتێک بگۆڕین. چون کۆمەڵگا بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە ناتوانێ هیوا ببەستێ بە گۆڕینی وەزعەکە لە چوارچێوەی سیستەم و حاکمیەتی مەوجوددا. کەوابوو مەجبوورە بۆ دەرچوون لەم بارودۆخە و گەیشتن بە ویست و داخوازیەکان، حاکمیەت بگۆڕن، کە دەکرێ لە قەوارەی "بزووتنەوەی سەرەونخونی"دا پێناسەی بکەین.

با لە گۆشەنیگایەکی تریشەوە بڕوانینە مەسەلەکە و دەسەڵات وەک "بەڕێوەبەری یاسا" چاو لێ بکەین. سزای سێدارە یەکێک لەو حوکمانەیە کە لە ناو یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی دا هاتووە و بەکار دەهێندرێ. هەر وەک دەزانین، لە سالی ٢٠٢٤ی زایینی دا نزیک بە ١٠٠٠ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون و زۆر کەسیش لە سەرەی جێبەجێ کردنی سزا بە سەر سەپێندراوەکەی دایە. بزووتنەوەی دژ بە سێدارەش باس لە لابردنی ئەو حوکمە دەکا لە یاسای بنەڕەتی وڵات دا. کە بە یاسایەکی دژ بە گۆمەڵگا و دژە مرۆڤی دەزانێ. بەڵام لە ئاکامدا، بزووتنەوەی دژ بە سێدارەش وەک سەرجەم بزووتنەوە نارەزایەتی و

11 «««

# گۆڕانکارییەکانی ڕۆژئاوا و دەرفەت و هەڕەشەکان بۆ سەر کورد

**گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە سوریە لە ماوەی رابردوودا مانشێتی زۆربەی میدیاکانی جیهان بووەو گرنگی پێدراوە. داهاتووی سوریە بۆ کوردی ڕۆژئاوا تەمومژاوییەو هەڕەشەکانو لە هەمانکاتدا دەرفەتەکان لە بەردەم کوردانی ڕۆژئاوایە کە ئەمەش بۆخۆی کاریگەریی لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە دواڕۆژ گفتوگۆیەکی لەسەر دۆخی ئێستای سوریە لەگەڵ هاوڕێ سنوور حەنیفی پور، ئەندامی کۆمەڵە سازکردوە.**



**چ دەرفەتێک یان هەڕەشەیەک لە ئاکامی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژئاوا بۆ بزووتنەوەی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان بە تایبەت ڕۆژهەڵات، سەری هەڵدەدات ؟؟**

پێموانیە گۆڕانکارییەکانی رۆژئاوا هەڕەشەیەک بۆ بزوتنەوەی کورد لە باقی پارچەکانی دیکەی کوردستان دروست بکات. بە دڵنیاییەوە کاریگەریی مەنفی دەبێت بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نیم ببێت بە هەڕەشە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دەرفەتی لێبکەوێتەوە، ئەو هەل و دەرفەتە بۆ کورد لە سووریا و باقی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە قازانج دەبێت. بە گشتی گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییەکانی سووریا، بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤، دەرفەتێکی گرنگی بۆ کوردانی ڕۆژئاوا رەخساند. هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا پشتیوانی لە هێزە کوردییەکان کرد بۆ شەڕی داعش، کە ئەمەش بووە هۆی دامەزراندنی خۆبەڕێوەبەرییەکی نیمچەسەربەخۆ لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا.

گۆڕانکارییەکانی ڕۆژئاوا، وەک گرنگیپێدانی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی، بووەتە هۆی ئەوەی کە پرسی کورد زیاتر لە قۆناغی پێشوو لەسەر مێزی گفتوگۆی نێودەوڵەتی بێت. بۆ نموونە، سەرکەوتنی کورد لە شەڕی داعش لە سووریا و عێراق ناسنامەی کورد وەک هێزێکی باوەڕپێکراو لە ناوچەکە بەرز کردووەتەوە.

سەرجەمی ئەم فاکتۆرانە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی کوردی لە هەموو پارچەکان دابنێت. بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیکەی چوار دەیەیە بەرامبەر بە ستەمکاری و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاوە، سەرکەوتنی هەر کامە لەبەشەکانی دیکەی کوردستان کاریگەریی قوڵ لەسەر ئەم بزوتنەوەیە دادەنێتو متمانەبەخۆبوون و مەیل بۆ ئازادی و رزگاری تێیدا زیاتر دەکات.

**ئایا مامەڵەی سیاسەتی دەسەڵاتی نوێ سووریا بەرامبەر بە شوناسی نەتەوەیی کورد چۆن دەبێت و مەترسیەکان چین؟**

دەسەڵاتی نوێی سووریا کە لە لایەن گروپی "تەحریر ئەلشام" بە سەرۆکایەتی ئەبوو محەمەد جۆلانی و گروپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا پێکهات، هەر لەسەرەتاوە بۆ نیشاندانی سیمایەکی جیاواز لە جەوهەری راستەقینەی خۆی، باسی لە پێکهێنانی سووریایەکی نوێ و یەکگرتوو کرد کە تێیدا مافی سەرجەم دانیشتوانەکەی مسۆگەر بێت. جۆلانی کۆنە تیرۆریست کە ئەمجار بە سیمایەکی جیاواز خۆی نیشانی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی دەدا، هەر زوو لە نوسینەوەی ڕەشنوسی یاسای بنەڕەتی سووریا و پێکهێنانی دەوڵەتی راگوزار کە لەکۆتایی مانگی مارسی رابردوو راگەیەنرا، هەموو ئەو دروشمانەی پێشتگوێخست و لەم پرۆسەیەدا هیچ پرسێک بەکورد نەکرا و نە لە نوسینەوەی رەشنوسی یاسای بنەڕەتی و نە لە پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ کورد بەشداری پێنەکرا. دەسەڵاتی نوێی سووریا هەموو لە دیدی شەریعەتەوە چاو لە هەموو پێکهاتەکان دەکات و هەوڵیش بۆ ئەوە دەدات دەسەڵات کە تا سەردەمی ئەسەد لە دەستی عەلەوییەکاندا بووە بۆ عەرەبی سوننە ئەوەیش ئەو لایەنانە بگەڕێنێتەوە کە جێگا رەزامەندی جۆلانین.

ئەوەی تا ئێستا دیارە پێشبینییەکان لەسەر دەسەڵاتی تازەی سووریا بەرەو ئەو ئاراستەی ناسەقامگیریی زیاتر لە سووریا دەدات. بەدوای راگەیاندنی حکومەتی راگوزاری سووریا، بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لە راگەیەنراوێکدا ئەو حکومەتەی رەتکردەوە کە هەموو پێکهاتەکان لەوانە کورد تێیدا بەشداری نینو پێشنیاری سیستمێکی فیدراڵی بۆ داهاتووی سووریا کرد.

سەبارەت بە داهاتووی سووریا هەرچی لێرە بوترێت یەکلاکەرەو نیە و مانگەکانی داهاتوو دەیسەلمێنێت کە دەسەڵاتی نوێی جۆلانی ناتوانێت سەقامگیری دابینبکات. مەترسی گەورەش بۆ سەر ئەزمونی کورد لە رۆژئاوا لە هەموو کات زیاتر خۆی نیشاندەدات. کوردی رۆژئاوا کە لە ساڵی ٢٠١٢ەوە ئەزمونێکی خۆبەڕێوەبەری بۆ خۆی سازکردوەو سەرەڕای رەخنەکانو بەشداری پێنەکردنی هەموو لایەنە کوردییەکانی رۆژئاوا لەو خۆبەڕێوەبەرییە، بەڵام ئەزمونێکی جوان و ئینسانی پێشکەش کردوە، ئێستا لەبەردەم مەترسی شەڕدان. گوشارە بەردەوامەکانی حکومەتی تورکیا بۆ لەناوبردنی ئەزمونی رۆژئاوا و سیاسەتەکانی تا ئێستا دەسەڵاتی نوێی سووریا هەڕەشەی جیدین لەسەر بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری رۆژئاوا.

**چ دەرفەتێک هەیە بۆ گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگە نێودەوڵەتی و هێزە سیاسییەکان بۆ پشتیوانی لە خەباتی کورد و ژنانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، لەسایەی گۆڕانکارییە سیاسییە خێراکاندا؟**

لەدوای دەیان ساڵ لە شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دەرکەوتن دەیان سیمای دیاری لە سەرکردایەتی بزوتنەوەکانی کورد، ئەگەر توانیبێتی تا رادەیەک کورد و دۆزەکەی بە جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بناسێنێت، بە بڕوای من لە دوو قۆناغی جیاوازدا و لەم دواییانە هەموو جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەناوی کورد و پێشمەرگەو شەڕڤانو ژینا ئاشنا بوون.

یەکەمیان لەپاش سەرهەڵدانی داعش و خۆڕاگریی و حەماسەی جەنگاوەرانی کورد بەرامبەر بەم هێزە دڕندەیە لە رۆژئاوای کوردستان و دواتر لە باشوری کوردستان کورد جێگەو پێگەیەکی لەئاستی نێودەوڵەتی پەیدا کرد، شاندی کوردانی رۆژئاوا لەگەڵ بەرپرسانی ئەوروپایی لەوانە لەگەڵ ئیمانۆێل ماکرۆن سەرۆک کۆماری فەڕانسە دیداریان کرد. وێنەی شەڕڤانو پێشمەرگە بۆ زۆربەی خەڵکی جیهان ئاشنا بوو بەمەش کوردی زیاتر لە هەرکاتێک بە جیهان ناساند.

دووەمیان شۆڕشی ژینا بوو کە بە دروشمی ژن ژیان ئازادی لەکوردستانەوە سەری هەڵدا و بەخێرایی ئێرانو هەموو جیهانی گرتەوەو بۆ جارێکی دیکە کورد و پرسە رەواکەی بۆ هەموو جیهان ناسرا.

لە هەردوو حاڵەتدا کورد وەک سیمایەکی خەباتکار و دیموکراتیک دەرکەوتو ژنی کورد وەک سیمبولی خۆڕاگری و ئازادیخوازی خۆی نیشاندا. ئەمەش لەناوچەکەیدا کە ئیسلامی سیاسی شیعی و سوننە نەتەوەکانی دراوسێی کوردی تەنیوەو دیارەگەلێکی وەک داعش تێیدا سەرهەڵدەدات، بزوتنەوەی کورد لەم ناوچەیە بۆ هەموو جیهان وەک هێزێکی دیموکرات و پێشڕەو دەرکەوت.

سەرەڕای ئەم ئیمتیازانە ئەوەی لە گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە و ئێستای سووریادا گرنگە، یەکپارچەیی کوردانی سووریا و دیپلۆماسییە لەگەڵ رۆژئاوادا. دەبێت هێزە کوردییەکانی سووریا لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەییو بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی تا ئێستا بەدەستیان هێناوە بەرژەوەندی تەسکی حیزبی وەلا بنێن و جێ پێی خۆیان قایم بکەن. بێگومان سەرکەوتنی دۆزی کورد لە رۆژئاوای کوردستان سوود و قازانجی بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان دەبێت و لەم بارودۆخەشدا هەموو کوردێک بە پەرۆشەوە لە رەوتی رووداوەکانی سووریا دەڕوانێت.

10 »»»

کۆمەڵایەتیەکانی تر بەو دەرەنجامە دەگا کە ئیتر دەسەڵات نایهەوێ دەست بەرداری ئەم حوکمە بێ و دەستێوەردانێک لە یاسا و ڕێساکانی خۆیدا بکا.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نارەزاییەکان بزووتنەوە گەلێکی قائم بە زات نین و رەنگ و بۆنی خۆیان لە بزووتنەوە نارەزایی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی تر وەردەگرن. بەشێکیشی دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی مامەڵە و هەڵسوکەوتی دەسەڵات لە تەک ئەم بزووتنەوانەدا. لێرە دایە کە بزووتنەوەی دژ بە سێدارە بزووتنەوەی سەرەونخونی دەگەنە یەکتر و بۆ دەرچوون لەو بار و دۆخە و گەیشتن بە داخوازی و ئامانجەکان مەجبوور بە گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی دەبن.

**سەبارەت بە دەرکەوتنی بنەماڵەی دادخوازان لە ڕێورەسمەکانی نەورۆزدا**

بەر لە هەموو شت، دەبێ بڵێم دەرکەوتنی ئەم بنەماڵانە لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکان دا ئەوەمان پێ دەڵێ کە کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لە سیاسەتی سەرکوت و لە ناو بردنی جەستەیی چی دەست نەکەوتووە، بەڵکو بۆ کۆمەڵگا بە گشتی و بۆ بنەماڵەی دادخوازان بووە بە قۆناغێکی تر لە خەبات و پێشڕەوی بۆ چەسپاندنی خواست و ویستەکانیان. بە دڵنیاییەوە کوشتن، لە سێدارەدان، بەند کردن و تۆقاندنی هەر تاکێک خەسارێکە کە لە کۆمەڵانی خەڵک دەکەوێ و بگرە لە زۆر بابەتەوە قەرەبووش ناکرێتەوە. بەڵام ئەکت و هەڵوێستی پاش ئەو ڕووداوانە زۆر گرینگە، بۆ ئەوەی بزانین خەبات لە چ قۆناغێک دایە و بەرەو چ ئاسۆیەک دەڕوا. ئەوەی دەیبینین، بەردەوامیی تێکۆشان و تەنانەت چڕتر بوونەوەی بەرخۆدانە، کە لە زاتی خۆی دا فەشەل هێنان بە سیاسەتی سەرکوتە.

پاشان، سیاسەتی سەرکوت بۆ ڕوخاندنی ئیرادە و دەروونی کۆمەڵگایە، بە تایبەت ئەو کەسانەی عەزیزانیان لە دەست دەدەن یا دەست بەسەر دەکرێن. بێ گومان لە باری دەروونیەوەش کاریگەری خۆی دەبێ و هیچ شتێک تاڵ و قورس تر نیە لە لەدەست چوونی خۆشەویستان و عەزیزان.

بەڵام باوەڕ هەبوون بە ڕێگا و ڕێبازی گیانبەختکردووان و هەست بە بەرپرسیارێتی کردن سەبارەت بە درێژەی ئەم ڕێبازە، وامان لێدەکا کە نەچینە قۆناغی تێک شکان و خۆ دۆڕاندن و هەر زوو زاڵ بین بەسەر کێشە دەروونی و عاتفیەکاندا و بە ورەیەکی بەرزترەوە بگەڕێینەوە گۆڕەپانی خەبات. ئەم تێگەیشتنەیە کە دایک و باوکێکی جەرگ سووتاو لەگەڵ ئەویدا کە دەبن بە هێمای خۆ ڕاگری، دەبنە خاوەنی ئۆتۆریتە و مەشعەلداری تێکۆشان و بەردەوامیی. بە تایبەت لە دەرکەوتنی بۆنەگەلێک کە ئاوێتەی شادی دەربڕین و خۆشیە، ئەوە دەسەلمێنێ کە لەوە گەیشتوون بەربەرەکانێ دەگەڵ دەسەڵاتێک کە بە وەسیلەی کولتووری تەعزیە و پەرەپێدانی خەمۆکی گەرەکیەتی بە چۆکیان دابێنن، دەربڕینی شادی و هاتنە نێو گەڕی شاییە و پێمان دەڵێن ئەوەی کە لە گۆڕەپانەکە ڕوو دەدا بە واتای ڕاستەقینەی خۆی ڕەزمە. ڕەزمێکە بۆ بەرخۆدان و شەڕێکە بۆ ژیان.

# چەپی کوردستانی، سۆسیالیزم و ئیستراتژی نەتەوەیی



پەرویز رەحیمزادە

**بەشی پێنجەم و کۆتایی**

رەوت و حیزبە سیاسیە ناسراو و کارتێکەرەکان کە توانیویانە بەشێک لە سەمپاتی جەماوەریی بۆ لای خۆیان رابکێشن، بە زۆری لە رێبازو سیاسەتەکانیاندا سەردەمێک هەوڵیانداوە کە پرسی کورد وەک بابەتی خەڵکێکی ستەملێکراو بناسێنن کە دەبێ بە پێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەگەڵی هەڵسووکەوت بکرێت، یان هەندێجار پرسی کوردیان تا رادەیەک بەستوەتەوە بە بابەتێکی ئابووریی کە گوایە دەوڵەتانی داگیرکەر بە دواکەوتوو راگرتنی کوردستان لە بواری ئابووریەوە، هۆکاری هەڵاواردن و ناکۆکین بە جۆرێکە ئەگەر باری گوزەران و ئابووریی خەڵک بەرەو باشی هەنگاو بنێت ئەوە رەنگە هەندێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەبن، لە لایەکی دیکەوەو بە تایبەتی لەم سەردەمەدا پرسی کوردیان وەک بابەتێک هێناوەتە بەر باس کە کێشەی بەشداریی پێنەکردنی سیاسی کوردە لە سیستە و دەسەڵات کە ئەم سەردەمە زۆر باسی لێوە دەکرێ، بەم واتە هەندێکیان باسەکە بەوە کورت دەکەنەوە کە هەر لەم ئێرانی رژیمی ئیسلامیەدا ئەگەر کورد بتوانێ چەند وەزیرو بەرپرسی ناوچەیی ببێت و رێگەی پێ بدرێت بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، ئەوە دەکرێ بە پۆزێتیف و دەسکەوت هەڵبسەنگێدرێت. یان ئەو سیاسەتەی ئێستا حیزبە کوردیەکان لە قسەو باس و دانیشتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەنجامی دەدەن، هەوڵیان ئەوەیە کە چارەسەری پرسی کورد ببەستنەوە بە بەشدرایی لە دەسەڵاتی داهاتوو لە ئێران. لە حاڵێکدا بابەتەکە زۆر لەوە هەستیارترە کە پرسی کورد بەوشێوە ئاراستە بکرێت، لێرە مەسەلەی کورد هەڵگری بارێکی فەلسەفیە بە جۆرێکە داگیرکەران ئەوەی ئێستە لە بەرەی دەسەڵاتەو ئەوەی بڕیارە لە داهاتوودا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، پرۆژەی لەناو بردن و تواندنەوەی ئەم نەتەوە لە مێشکیدا پەروەردە دەکات، جا ئەم لەناو بردنە لە هەموو ئاستەکاندا خۆی بە روونی دەردەخات. لە بواری ئابووریی دواکەوتوو راگرتنی کوردستان، لە بواری کلتووریی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئاسەوارە مێژوویەکان و هەوڵی پیلانداڕێژراو بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی و زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمان لە کوردستان، کۆنتڕۆڵی سیستەمی پەروەردەو بە مەبەستی سڕینەوەی بیری ئازادیخوازانە لە نێو مێشکی نەوەکانی داهاتوو بە جۆرێکە پێیان بڵێت ئێوە وەک تاکی کورد هیچ مانایەک پەیدا ناکەن و تەنیا بە بوونتان لەگەڵ کۆی گشتی ئەم جۆگرافیای پێی دەڵێن ئێران دەبنە خاوەنی کاراکتێری راستەقینە، وە لە دەرەوەش هەوڵی ئێرانیەکان بە مەبەستی گوشارهێنان بۆ بە چۆکداهێنانی گوتاری کوردستان تەوەری و راکێشانیان بۆ ناو ئەم بەرەو ئەو بەرەی چەپ یان راست. وە ئەم رێکارانە بە تایبەت لەم رۆژانەی بزووتنەوەی ژینا "ژن ژیان ئازادیی" ئێستا زۆر بە روونی لە هەڵوێست و کردەوەی فاشیزمی ئێرانیی لە رێگەی هەم کۆڕو کۆبوونەوەکانیان و هەمیش میدیاکانی سەر بەم بەرە دەبینرێت.

ئەگەر چالاکانی سیاسی ئێرانیی دەرەوەی وڵات بەسەر دوو روانگەی چەپ و راست دابەش بکەین، بەرەی راست بە وروژاندنی تەنیا یەک پرسیار لە تاکی کورد هەموو ناوەرۆکی فاشیزمی داگیرکەرانەو دیکتاتۆری و ستەمکارانەی خۆیان دەردەخەن، ئەویش ئەوکاتەیە کە دەپرسێت ئایا ئێوە جیاییخوازن"شما تجزیه ×لبید؟" ئەمە بە درێژایی ئەم مێژووە نوێیەی تۆمار کراوە بە روونی دەبینرێت کە تەنانەت باشترین کوردێ کە بە ئاشکراش هاواری ئەوە بکات کە "رێگە نادەین هیچکەس خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێت" هێشتا جێی بڕوا نین، یان ئەوانەی خۆیان بە قارەمانی دێمۆکراسی بۆ ئێران پێناسە دەکەن و کۆڕو کۆڕبەندێکی ئێرانیی نەماوە سەری پێدا نەکەن و وەک کەواسووری بەر لەشکەر هەوڵ بۆ "پاراستنی یەکپارچەیی سەرزەمینی" نەدەن، بەڵام هەر وەک کوردێکی گوماناوی سەیر دەکرێت.

لە لایەکی دیکەش چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستانیش هەر بەو رێچکەدا دەڕۆن بەڵام ئەمان لە ژێر ناوی خەباتی بەرینی چینایەتی و هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی کرێکاران، واتە لەم کاتاگۆریەدا پرسی نەتەوەیی لاوەکی دەبێتەوە یان ئەوەیکە بە شێوەیەکی شەرمێونانە باس لە سەروەری سیاسی ئەم نەتەوەیە دەکەن. چونکە باسکردن لە نەتەوە لای ئەوان دەبێتە بابەتێکی دواکەوتووانە لە ئەندێشەی مارکسیستی و ئەگەر کەسێک بێتوو چەپێک لە کوردستان باسی سەربەخۆیی کوردستان بهێنێتەوە ئاراوە، بەو واتایە دەبینرێت کە لەگەڵ مانیفیستی چەپ ناتەبایەو دیواری ئایدۆلۆژیەکە تووشی دارمان دەبێت. بەڵام هەر ئەم چەپە لە کوردستان خەبات لە سنوورەکانی ئێران بە ئینترناسیۆنالیستی لەقەڵەم دەدات، واتە مارکسیزم بەم مانا پێوانەیەکی جوگرافیایی هەیە کە ئەگەر ئەم ئەندێشە لە جوگرافیای گەورە "ئێران" رەچاو بکرێت بێ خەوشە بەڵام لە جوگرافیای بچووکتر "کوردستان" بە تاڵ دەبێتەوە لە ناوەرۆکی خۆی.

## چەپی کوردستانیی، کۆمەڵەو مارکسیزمی کلاسیک

ئێستا و پاش زیاتر لە نیو سەدە لە دامەزرانی ئەم رێکخراوە، پێوەندی فیکری ئەم حیزبە بە بیری سۆسیالیستیەوە چۆنەو بە چ جۆرێک دەکرێ لە نێو تەپ و تۆزی ئەو گۆڕانکاریی و دابڕان و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگاو هاوکات بەردەوامبوونی سیستەمی سەرمایەداریی و زاڵبوونی بەسەر جیهانی ئەمڕۆ، بتوانرێ خوێندنەوەیەکی تازە بۆ مارکس و سۆسیالیزم بکات. کۆمەڵەی ئەمڕۆ لە نێوان دوو تێڕوانینی فیکریدایە یان باشترە بڵێین بەسەر دوو خوێندنەوە لە مێژووی خۆی دابەش بووە. یەکیان نەک بە تەواویی لە زمانی دەربڕیندا کە هەندێ جار هەڵوێستی رێفۆرمیستانەیان هەیە بەڵکوو لە بەرنامەدا لەسەر ئەو بڕوایە کە هەر سەرلەبەیانی رۆژی شۆڕش و راپەڕین لە ئێران و کوردستان، کۆمەڵگا ئامادەی شۆڕشێکی سۆسیالیستیەو هەموو بەستێنەکانی رووخانی سەرمایەداریی رەخساوە بۆ وەها گۆڕانکاریەک لە ئاستی ئێران و بەم پێیەش کۆمەڵە بە رێکخراوی ناوچەیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێناسە ئەکات کە خۆیشی وەک لە بەرنامەکەیدا هاتووە، بەشێکە لە خەباتی ئەنترناسیۆنالیستی کرێکاریی، واتە کۆمەڵە وەک خۆی شتێک نیە ئیستراتژیەکی درێژماوەی لە کوردستان هەبێ، بەڵکوو کەرەسەیەکە بۆ ئامانجێکی گەورەتری ئینترناسیۆنالیستی جیهانیی. لەم روانینەدا کوردستانیش تەنیا بایەخێکی پەراوێزی هەیە بۆ مەبەستی خزمەتکردن بە ئیستراتژی جیهانیی چینی کرێکار لە ئاستێکی بەرینتر.

کاتێکە شۆڕشی ئۆکتۆبری رووسیە بۆ ماوەی دەیان ساڵ بە هەموو کەرەسەو ئیمکاناتی مادی خۆی کە توانیبووی ئەندێشەی بەناو سۆسیالیستی خۆی لە سەرتاسەری جیهان بڵاوە پێ بکات، بەشێک بوو لە یارمەتیدانی شۆڕشی گەورەی چین لە ١٩٤٩و توانی ئیرادەی خۆی بەسەر بەشێکی هەرە گرینگی وڵاتانی رۆژئاوا داسەپێنێت و کاریگەریی لەسەر بەشێکی زۆری بزووتنەوە چەپەکانی ئەو کات داناو تەنانەت توانی بەشێکی زۆر لە نووسەران و بیرمەندانی ئەو سەردەم لە بواری رۆمان و شێعرو فەلسەفەو ئەدەبیات بەلای خۆیدا رابکێشێ، تا رادەیەک کە بیرمەندی گەورە ژان پۆل سارتر لە کۆتاییەکانی ئیستالینیزم ئەوە بە تاکە هیوای مرۆڤایەتی بۆ رزگاری ناوزەد دەکرد، چۆنە کە تێڕوانینێک لە کۆمەڵە هەیە کە باز بەسەر ئەو ئەزموونە مێژووییە دەدات و نایداتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ کە ئەو هۆکارانە چی بوون کە ئەو پێکهاتە لە نێو خۆیدا رووخاو دواتریش دەرکەوت کە چۆن چینی کرێکار بە دڕندانەترین شێوە چەوسایەوەو بە ملیۆنان کەس لە ژێر ناوی جۆراوجۆر قەتڵ و عام کران.

ئەم لێکۆڵینەوە ئەڵبەتە نابێ کورت بکرێتەوە بۆ ئەوەی تەنیا بوترێ کە ئەوە سۆسیال ئەمپریالیزم بوو کە لە رووسیە دەستی باڵای پەیدا کرد بەڵکوو گەلێک لایەنی دیکە لەوبارەوە هەیە کە دەبێ هەڵبدرێتەوە، پرسی دێمۆکراسی، پێگەی حیزب لە دەسەڵات، چۆنیەتی پێوەندی لەگەڵ چینی مامناوەندو بەردەوامبوونی سەرمایەداریی لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دیکە، چۆنیەتی تێپەڕبوون لە سەرمایەداریی بەرەو سۆسیالیزم، مەسەلەی زۆرینەو کەمینەکان و سەرهەڵدانی چینی جیاواز لە کۆمەڵگا.

ئەگەرچی هاتنە مەیدانی کرێکاران لە رەوتی ناڕەزایەتی دەربڕینیان لەسەر شەقام فۆرمێکی شۆڕشگێڕانە بە خۆیەوە دەگرێ و بزووتنەوەکە رادیکاڵتر دەکاتەوە بەڵام ئەمڕۆکە لە راستیدا ئیتر تەنیا ئەوە چینی کرێکار نیە کە سەرچاوەی سەرەکی شۆڕش و راپەڕینە، بەڵکوو هاتنە مەیدانی چینی نوێ بە داخوازیگەلی نوێ کۆمەڵگایەکی هەمەڕەنگی پێکهێناوە کە چەپێکی زانستیانەو ئەمڕۆیی دەبێ بتوانێ ناوەندی خوێندنەوەیەکی دەقیق بێ بۆ هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دەوروبەریدا روو دەدەن. بە داخەوە چەپی ئەمڕۆ نەک نازانێ چۆن لە دژی سیستەمی سەرمایەداری خەبات بکات بەڵکوو ناشزانێ کە چۆن لە دژی ئەو سیستەمە بیر بکاتەوە. چەپی نوێ و کوردستانیی دەبێ بە هەموو شێوەیەک پارێز بکات لە مارکسیزمی خۆسەپێنەر وە لەوە تێبگات کە کردنی مارکسیزم بە ئایدۆلۆژی و سەپاندنی زۆرەملێ بەسەر خەڵکدا هەرچەند لە روانینی ئەواندا لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی جەماوەرە، بەڵام بەرهەمی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، بەڵکوو دەبێ هەوڵبدرێ کە بە پراکتیک و بەرنامەو گرتنە پێشی رێگای شیاو بەرەو ئەو ئێستراتژیە هەنگاو بنرێت.

پرسیارێکی گرینگ ئەوەیە ئایا هەرکەس سەرجەمی بیروڕای مارکسی وەک خۆی بەڕێوە نەبرد دەبێتە لادەر؟ ئێستا ئەوەی لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەیە ململانیەکی درێژماوەیە کە چۆن هەموو دەقەکانی مارکس وەک ئایەتی پیرۆز بەڕێوە ببرێت ئەگەرنا دەکەوێتە دەرەوەی ئاڵقەکە. مارکسیزمی سەدەی بیستەم سەرەڕای هەوڵدانی تێکۆشەرانی ئەو رێبازە، سەرەڕای ئەوەی توانی نیزامی هێرشبەری لیبرالیزم ناچار بە دانپێدانان بە هەندێک مافی ئابووریی،کۆمەڵایەتی و سیاسی بکات، ئەڵبەتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە رێفۆرمە گەورەکانی سەرمایەداری سەدەی بیست رێک لە کاتێکدا روویاندا کە بزووتنەوە سۆسیالیستیەکان روو لە گەشەو هەڵکشاندا بوون، بەڵام لە پرسی دێمۆکراسیدا تووشی دارمان هات، بە جۆرێکە بە قۆرخکردنی دەسەڵات لە پێناو درووستکردنی کاریزماو لەناوبردنی ناوەرۆکی ئەسڵی سۆسیالیزم واتە دێمۆکراسی لە هەموو رووبەرەکانیەوە، سیمایەکی ترسناکیان لە سۆسیالیزم بە هەموو جیهان نیشاندا و دووهەم بنەمای سانتریالیزمی دێمۆکراتیکیان لە کاری حیزبی و دەوڵەتی لە دێمۆکراسی بەتاڵکردەوەو ئەوەی مایەوە تەنیا ساختارێکی بۆرۆکراتیک و ئۆلیگارشیەکی تۆخ بوو کە هەموو کەس دەبوو لە پێناو سەرکردە بێ و ئەوەی ئەو وتی واقعیەتی مێژووە.

رەنگە گەڵاڵەکردنی چەند پرسیاری لەو شێوە بتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی تێڕوانین بۆئەو جۆرە لە مارکسیزمی میکانیکی کە زاڵە بەسەر لایەنێک لە کۆمەڵە، هەندێک باسی دیکەی پێوەندیدار بەم پرسە بێتە ئاراوەو دەرگایەک بۆ خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە چەپ و مارکسیزم بکرێتەوە. بۆ وێنە پرسی دەوڵەت کە لە دەورەی نوێدا رۆڵێکی تایبەتی دەگێڕێت، چۆن دەکرێ لەگەڵ تیۆری و جیهانبینیەکانی مارکس کە ئەساسەن دژی دەوڵەتە خویندەوەی بۆ بکرێت؟ ئایا چۆن دەکرێ لە نێو جیهانی دەوڵەتەکاندا دەسبەجێ دەوڵەت هەڵبوەشێنرێتەوەو میکانیزمی شوررایی پەیڕەو بکرێت؟

پرسی نەتەوە بندەستەکان لەوانە کورد و خەبات بۆ سەربەخۆیی بە کام یەک لە فۆرمولبەندیەکانی مارکس دەبێ وەڵام بدرێتەوە؟ جیا لە ئاکامەکانی کە جێگەی لەم باسەدا نیە مەگەر ئەوە چەپەکان نەبوون کە بە زۆری لە سەدەی بیستەم هەر لە ئەفریقا تا ئەمریکای لاتین و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەباتیان دژی داگیرگاریی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیست کرد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی؟

دەوڵەت لە سەردەمی نوێدا بێگومان رۆڵی رێکخستن و ئانالیزی هەموو رووبەرەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی دەگێڕێت و لە خۆیدا میکانیزمێکی بەڕێوەبەریە. بەڵام لە روانگەی ئێمەوە دەوڵەت دەبێ دێمۆکراتیک، دوور لە دەمارگرژی و خۆبەزلزانینی نەتەوەیی بێت، واتە هاوکات لەگەڵ ئەوەی رێز لە کلتوور، سرووشت و مێژووی خۆی دەگرێت دەبێ پارێز بکات لەوەی بەرەو راسیسزم و نەتەوەپەرستی بڕوات.

مارکس پێشتر روانگەی بەرانبەر بە ئیرلەند لایەنگرانە نەبوو هەر وەک ئەوەی کاتی خۆی دیفاعی لە بەشداریی شۆڕشگێڕانەی ئینگیلس لە هێند کردو دەیوت کە بوونی ئینگلیس لە هێندووستان دەتوانێ خەڵکی ئەو وڵاتە لە خەوی چەند هەزار ساڵە وەخەبەر بێنێت، ئەگەرچی زۆری پێ نەچوو لەو رستەیە پاشگەز بوویەوە. یان فرێدریک ئینگڵس داگیرکردنی خاکی مێکزیک لە لایەن ئەمریکاو داگیرکردنی ئەلجەزائیر بە دەستی فەڕانسەی تەئید دەکرد، یا ئەوەیکە سووکایەتی بە خەڵکی باڵکان دەکرد و دەیوت کە بولغاریەکان باشتروایە حکوومەتی تورکەکان قبووڵ بکەن و چاوەریی ئەو شۆڕشە راستەقینە بن کە لە رۆژئاوا روودەدات. بەڵام ئەم بۆچوونانە ئەمڕۆکە ناتوانێ بۆ کەس یا لایەنێکە بڕوای بە یەکسانی هەیە قبووڵکراو بێ، بەڵکوو دەزانین کە هەردوو بیرمەند خزمەتی گەورەیان بە مرۆڤایەتی کردووەو ئەڵبەتە لەو روانگانەی خۆیشیان هەندێجار پاشگەز بوونەتەوە.

مارکس روو بە کرێکارانی ئینگلیسی دەڵێ کە بەشداریی لە شەڕی دژی سەربەخۆیی ئیرلەند مەکەن و مەبنە دەستەچیلەی ئاگری ئەو شەڕەو بەڵکوو بە پێچەوانە یارمەتیدەری بزووتنەوەی فینی (رێکخراوی نەتەوەیی ئیرلەند) بدەن هەرچەند بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی ئیرلەندی بوو. مەبەست لەم گێڕانەوە ئەوەیە بڵێین باسکردن لەسەر مافی خەڵکێکە بە درێژایی مێژوو لەژێر چەپۆکی داگیرکاریی بووە نەک لادان نیە بەڵکوو گەشەدان و هەوڵە بۆ سەرلەنوێ سەرڕێخستنەوەی فۆرمێکی نوێ لە چەپ کە دەتوانێ لە درێژماوەشدا خزمەت بە ئیستراتژیە گشتیەکە بکات.

# تاران، پایتەختی سێدارەو مـــەرگ !

بەشی دووەم

دوارۆژ

ماشێنی کوشتاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی بەبێ وەستان جمەی دێ. ڕۆژ نییە ژمارەیەک زیندانی لە زیندانە جۆراوجۆرەکان و یان بە بەرچاوی هەموانەوە لە سێدارە نەدرێ. جەنایەتکارانی ڕژیم بەبێ پرینگانەوە و بەبێ سڵ کردن لە کاردانەوەی رای گشتی، هەموو ڕۆژێک بەندییەکان لە زیندانەکاندا دەباتە پای پەتی سێدارە و هەواڵەکانیش باس لە گوشاری زیاتر بۆسەر زیندانیانی سیاسی لەنێو زیندانەکاندا دەکەن.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی، لە پەنا زیندان و ئەشکەنجە و سەرکوتی هەمووجۆرە دەنگێکی ئازادیخوازانە، سزای سێدارەی وەک توندوتیژیەکی ڕێکخراو بۆ لەناوبردنی نەیارانی سیاسی، ناڕازیانی کۆمەڵایەتی و قوربانیانی ناو کۆمەڵگا، بەکار هێناوە. سزای سێدارە، وەک جەنایەتێکی ڕێکخراو، هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستا، یەکێک لە پایەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە بووە بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک و نەیارانی دەسەڵاتی خامنەیی. ڕاپۆرتی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و هەروەها هەواڵنێری تایبەتی ڕێکخراوەی نەتەوەیکگرتووەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە ئێران، کە بە تازەیی بڵاو بووەتەوە، دەریدەخات کۆماریی ئیسلامیی لە سەرەتای ساڵی ڕابردۆوە تا کاتی نوسینی ئەم بابەتە لانیکەم ٣٤٢ کەسی لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە سێدارە داوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠وە تا ئێستا ٩هەزارو ١٤٨ کەس لە سێدارە دراون کەلەم ڕێژەیە ٢٥٢ کەسیان ژن و ٧١ کەسیان تەمەنیان خوار لە ١٨ ساڵ بووە. هەروەها لەم ڕێژەیە٤٠ کەسیان کورد بوون کە زۆربەیان چالاکی سیاسی بوون. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ٧٠ لەسەدی ئەم کەسانە بەشێوەی نهێنی لەسێدارە دراون و زۆریشیان تەنانەت گۆڕەکەیان و شوێنی ناشتنیشیان نادیارە و کەس و کاریان لێیان ئاگادار نەکراونەتەوە.

لە دەسپێکی ساڵی ٢٠٢٥وە ئیمە شاهیدی شەپۆلێکی نوێی سەرکوت و کوشتاری کۆماری ئیسلامین و ماشینی کوشتاری ئەو دەسەڵاتە بەداخەوە بۆ ساتێکیش لە خولقاندی تاوان نەوەستاوە. هەروەها حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان لە یەک مانگی ڕابردوودا گەیشتۆتە ئەو پەڕی خۆی. لە ماوەی مانگی ڕابردوودا، ٧کەس لەبەندکراوانی کورد کە پێشتر سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو، لە زیندانەکانی بۆکان، کرماشان، کرمان، بەندەرعەباس و کەرەج لە سێدارە دراون. هەروەها دوو کەسی تریش سزای سێدارەیان بەسەردا سەپاوە و٣٤ کەسی دیکەیش بە تۆمەتی سیاسی دەستبەسەر کراون و ژمارەیەکی دیکەیش ڕووبەڕووی بانگهێشتکردن و لێپرسینەوە بوونەتەوە. لەگەڵ کۆتاییهاتنی پشووی نەورۆز و ساڵی تازە، کە تێیدا ژمارەی سێدارەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەم ببووەوە، ئەمڕۆژانە سەرلەنوێ شاهیدی پەرەسەندنی بەرچاوی دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانین. ڕۆژی پێنجشەممە ئەوەڵی مانگی مەی سزای سێدارەی لانی کەم ١٤ بەندکراو بریتی لە یەک بەندکراوی سیاسی گیلەک، پێنج بەندکراوی بەلووچ و یەک بەندکراوی کورد لە بەندیخانەکانی وەکیل ئابادی مەشهەد، قزڵحیساری کەرەج و سپیداری ئەهواز و دیزفووڵ جێبەجێ کراوە. هەروەها ڕۆژێک پێشتریش جیا لە جێبەجێکردنی سزای سێدارەی موحسین لەنگەرنشین، بەندکراوی سیاسی خەڵکی نۆشەهر، لانی کەم سێ بەندکراوی دیکە لە بەندیخانەی قزڵحیساری کەرەج لەسێدارە دراون. هەروەها دەنگۆی لە سێدارە دانی١١ بەندکراوی دیکەش هەیە کە تا ئێستا لەلایەن میدیا پەیوەندیدارەکانی سەر بە دەزگای دادوەرییەوە بڵاو نەکراوەتەوە. هەروەها مانگی رابردوودا ٤٧٤ کەس لە لایەن ناوەندە ئەمنییەکانە و بە تۆمەتی جۆراوجۆر دەسبەسەر کراون. لەم ڕێژەیە ٢٢٣ کەسیان کورد بوون و زۆربەیان لەبەشداربووانی ڕێورەسمەکانی تایبەت بە نەورۆز بوون. لە نێو دەسبەسەرکراواندا ١٤ منداڵ بەرچاو دەکەون کە تەمەنیان خوار لە ١٨ ساڵەوەیە. ٤٥ کەس لە ژنان کوژراون و ٤٧ کەس لە ژنان دەسبەسەر کراون کە ٨ کەسیان لە سێدارە دراوە و ١٤ کەسیشیان سزای قورسیان بەسەردا سەپێندراوە. هەروەها ١٧ کەس لە بەندکراوانی ناو بەندیخانەکان بە شێوەی نادیار گیانیان لەدەستداوە. ١٢ کۆڵبەرو کاسبکاریش لە قوربانیانی ئەم ماوە کورتەن.

دەستکەوتی کۆماری ئیسلامیی لە ماوەی ٤٦ ساڵ دەسەڵاتداریدا بۆ زۆربەی هەرەزۆری جەماوەری خەڵکی ستەملێکراو هیچ شتێک بێجگە لە پەرەسەندنی هەژاری و برسییەتی، زبڵگەڕی، ئێعتیاد و لەشفرۆشی، دیاردەی منداڵانی کار و سەرشەقام، کارتۆنخەوی و گۆڕخەوی و سێدارە نەبووە. بەڵام ئەم دەسەڵاتە بۆ سەرانی ڕژیم و دەزگای پانوبەرینی حەوزەکان و مافیای ناوەندە ئایینییەکان و فەرماندەکانی سپای پاسداران، ئاغازادەکان و دەست و پێوەندەکانی ڕژیم، بەسوود بووە. ئەوان لە ڕێگەی ڕانتخۆری، گەندەڵی و دزیی هەزاران ملیاردی، ژیانێکی شاهانەیان وەسەریەک ناوە و ئەم نیزامە بۆ ئەوان یەکجار پڕ بەرەکەت بووە.

لە بواری سەرکوتی ئازادی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی بە شێوەی ئاشکراتر و بەرین، سەرکوت، سێدارە، کوشتنی ژێر ئەشکەنجە، دەرکردنی سزای قورس و تەنانەت ڕفاندنی جودابیرانی ئایینی و لائیکی خستووەتە دەستووری کاری هێزە ئەمنی و قەزاییەکانییەوە. ڕژیم، چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، چالاکانی ژینگەپارێز، نووسەران، چالاکانی سایبێری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وێبلاگ نووسان، چالاکانی سیاسیی کەمینە نەتەوەییەکان، پەیڕەوانی ئایینی بەهایی و دەروێشە گونئابادییەکان، موعەلیمان، خانەنشینکراوان و باقیی توێژەکانی کۆمەڵگای بەتوندی خستووە ژێر چاوەدێری و هەڕەشە و حوکمی درێژماوەی زیندان و ئەشکەنجە و سێدارەیانی لەدژیان دەرکردووە.

سزای سێدارە هیچ بارێک لەسەر شانی کۆمەڵگا سووک ناکات و پاساوهەڵگر نییە. هیچ مرۆڤێک لە سەرەتاوە ئینسان کوژ، قاچاخچی، جەنایەتکار و تاوانبار نییە، بەڵکوو بارودۆخی ماددیی ژیانی ئینسانە کە تاکی کۆمەڵگا بەرە و تاوان و جەنایەت دەبات و دەوڵەت و چینی دەسەڵاتدار بەرپرسی ڕاستەوخۆی ژیانی واقعیی ئینسانەکانن لە کۆمەڵگادا و ڕێگەخۆشکەری ئەنجامی هەموو تاوانێکن. بێگومان پێویستە ئەو کەسانە سزا بدرێن کە بەستێنە کۆمەڵایەتیەکانی تاوان و جەنایەتیان خولقاندووە. ئەزموونی هەموو کۆمەڵگا و ئامار و داتاکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ئەمنییەتی خەڵک لە ڕێگەی بردنەسەرەوەی سێدارەکان نەچووەتە سەری، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، سێدارە خۆی لەخۆیدا، هەستی تۆڵەکردنەوە و توندوتیژی پەرەپێدەدا.

بێگومان ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی بە ئامانجی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا داسی مەرگ بەسەر بەندکراوانەوە دەگێڕێ و هەر چەند وەخت جارێک، ژمارەیەکیان لە سێدارە دەدات. کەوابوو خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە لە بارووdۆخی ئێستادا کە ڕژیم بە ئاشکرا، دەرکردن و بەکردەوە دەرهێنانی سزای سێدارە بە ئامانجی سیاسیی دیاریکراوەوە ئەنجام دەدات، یەکجار گرینگە. ئاشکرایە کە لە سێدارەدانی بەندکراوانی سیاسی، ئامرازێکە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی زاڵمانەی ڕژیم و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاشکرایە لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانە و ڕزگاریبەخش لە کۆمەڵگادا.

هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە بە مانای بایەخ دانان بۆ گیانی ئینسانەکانە و بەم کارە هەر لە یەکەمین هەنگاودا زۆر کەس لە مەرگ ڕزگاریان دەبێت. بەڵام سزای سێدارە نە تەنیا کاریگەرییەکی لەسەر کەمبوونەوەی جەنایەت نییە، بەڵکوو کاتێک دەوڵەت بە یاسایی دەست دەداتە کوشتنی مرۆڤ، ڕێگا بۆ دووبارە بوونەوەی ئەم کردەوەیە لەکۆمەڵگادا خۆش دەکات.

## دوو شیعری لەنگستن هیوز

هەر کوێ بێت بۆ من هاوسانە
لە کەنارەکانی سیرالئۆن
لە مەزراکانی لۆکەی ئالاباما
لە کانەکانی ئەڵماسی کیمبرلی
لە تەپۆڵکەکانی قاوەزاری هائیتی
لە مەزرا مۆزەکانی ئەمریکای ناوەندی
لە شەقامەکانی هارلەم
لە شارەکانی مەراکش و ترابلۆس
ڕەش!
چەوسێندراوە و لێی دراوە و ڕوتەوەکراوە
فیشەکی خواردوە، کوژراوە
خوێن ڕژاوە تا ببێت بە
دۆلار
پۆند
فرانک
پزۆتا
لیر
تا چەوسێنەرەکان دەوڵەمەنتر بکات
خوێنێک کە چیدی ناگەڕێتەوە بۆ دەمارەکانم
بۆیە باشترە خوێنی من
لە جۆگەلە قووڵەکانی شۆڕش وە گەڕ کەوێت
و
ئەو ڕژد و تەماحەی کە ناسڵەمێتەوە
لە سیرالئۆن
کیمبرلی
ئالاباما
هایتی
ئەمریکای ناوەندی
هارلەم
مەراکش
ترابلۆس
و لە سەرانسەری خاکی رەشپێستان، لە هەمووی وەدەرنێ.
کەوایە با خوێنی من
لەگەڵ خوێنی هەموو کرێکارانی شۆڕشگێڕی جیهان تێکەڵ ببێ
تا هەموو وڵاتێک لە چڕنووکی
ئاڵانکەرانی دۆلار
ئاڵانکەرانی پۆند
ئاڵانکەرانی فرانک
ئاڵانکەرانی پزۆتا
ئاڵانکەرانی لیر
ئاڵانکەرانی ژیان
ڕزگاربی بێت
تا زەحمەتکێشانی جیهان
بە ڕوخساری ڕەش، سپی، قاوەیی، زەرد و سوور
یەکبگرن و ئاڵای خوێن کە هیچ کات
نانەوێ، هەڵبکەن.

وەرگێڕان لە فارسییەوە:
محەمەد حەکیمی

### خەونی من

من لە خەونی خۆمدا جیهانێک دەبینم
کە تێیدا هیچ مرۆڤێک
لە مرۆڤێکی تر بە سووکی ناڕوانێ
زەوی ترییە لە ئەوین و خۆشەویستی و
ئاشتی و ئاسودەیی، دەربازگەکانی دەڕازێنێتەوە.

من لە خەونی خۆمدا جیهانێک دەبینم
کە تێیدا هەموان ڕێگای بەرێزی ئازادیی دەناسن
بەخیلی گیان ئازار نادا
و
تەماح ڕۆژگارمان ڕەش ناکات.

من لە خەونی خۆمدا جیهانێک دەبینم کە لەوەدا
ڕەش یا سپی
لە هەر تۆرەمەیەکی
لە هەموو داهاتی بەرینی زەوی بەش دەبات
هەر مرۆڤێک سەربەستە.
چارەڕەشی لە شەرمدا سەر نەوی دەکات و
شادی وەک مروارییەکی گرانبەها
پێداویستیەکانی هەموو مرۆڤایەتی دابین دەکات.
ئاوەهایە جیهانی خەونی من!

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی
دیزاین:
سروە مستەفازادە
www.dwaroj.net

Dwaroj

دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
www.dwaroj.net
@Dwaroj-komala
@Aso Sat
@Dwaroj

# بەشداریی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەی حیزبەکانی سۆسیالیست ئینترناسیۆناڵ







بەمەبەستی پێکهێنانی کومیتەی کوردیی لە ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینترناسیۆناڵ، حیزبە کوردییەکانی ئەندام و راوێژکار لەو ڕێکخراوە لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە.

سەرەتای کۆبوونەوەکەی کە ڕۆژی شەممە ۳ی مانگی مەی بەڕێوەچوو، هەریەک لە

شانتاڵ کامبیوا، ڕێکخەری جیهانیی ڕێکخراوی سۆشیالیست ئینتەرناشیۆناڵ. ئیرۆ هاینالۆوما، بەرپرسی کۆمیتەی سیفاک. پاولینا لامپس، بەرپرسی کۆمیتەی ئێتیک. هانا جەلول، ئەندام پەرلەمانی ئەورووپا- جێگری بەرپرسی پەیوەنییەکانی دەرەوەی ئەورووپا بە شێوەی ئانلاین بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ئەندامانی هەریەک لە حیزبە کوردییەکانی:
پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە)
-یەکێتی نیشتیمانی کوردستان - پارتی دیموکراتی کوردستان - پارتی یەکسانی و دیموکراتی گەلان (دەمپارتی)
-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
-کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
-کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران -کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێیدا بەشداربوون بە کۆدەنگیی جەخت لە ڕاپەڕاندنی کاری پێویست بۆ پاراستنی مافی نەتەوەیی گەلی کورد و پەرەپێدان بە پرۆسەی ئاشتیی و دیموکراسی و یەکسانی و پارێزگاری کردن لە یەکوتاریی نەتەوەی کورد لە نێو چوارچێوە و کار و پرنسیپی سۆسیالیست ئینترناسیۆناڵ کرایەوە.

بەشێکی کۆبوونەوەکە بە تێروتەسەلی گفتوگۆ کرا لەسەر ڕێنماییەکانی شێوازی کارکردنی کۆمیتەی کوردیی و بە تێکڕا بابەتەکە پەسەند کرا.


لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کاری جدی بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی شوێن و بەرواری گونجاو بۆ بەستنی کۆنفرانسی کۆمیتەی کوردیی لە زووترین کاتدا.

## بەرز و بەڕێز یادی مامۆستا عومەری عەسری تێکۆشەری دێرین و نەسرەوتووی کوردستان

بەداخەوە مەلا عومەری عەسری تێکۆشەری دێرین و خەباتکاری لەمێژینەی کوردستان پاش ماوەیەک نەخۆشین سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی ١٨ی ئاپریل لە وڵاتی سوید ماڵاوایی لە ژیان کردووە.

کاک عومەری عەسری یەکێک لە تێکۆشەرانی ناسراوی کوردستان و پێشمەرگە و کەسایەتیی جێگەی ڕێزی ڕۆژهەڵاتی وڵات بوو کە مێژوویەک پڕ لە سەربەرزی پاش خۆی بەجێهێشت. کاک عومەر چ ئەو کاتەی پیشمەرگە بوو و چ لە سەردەمی زیندان نموونەی خۆڕاگری و خۆنەویستی و هاوڕێیەکی دەم بە پێکەنین و قسە خۆش بوو کە جێگەیەکی تایبەتی لە دڵی هاوڕێیانیدا هەبوو.

کاک عومەر هەم لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی و هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا خەباتکارێکی ماندوو نەناسی ڕێگەی ڕزگاریی خەڵکی چەوساوەی کوردستان بوو. لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیدا بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە کەوتە مەترسیی گرتن و ڕووی کردە باشووری کوردستان و ماوەیەک لەوێ پیشمەرگە بوو و پاشان کە گەڕایەوە بۆ



ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیرا و ماوەیەک لە زیندانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی شادا لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا بوو.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ دژی دەسەڵاتی پاشایەتی وەکوو ئەندامی شورای شاری بۆکان متمانەی خەڵکی وەرگرت و دواتر بوو بە یەکێک لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی دەفتەری مامۆستا شێخ عیززەدەینی حوسێنی و چ لە هەوڵی دەفتەری مامۆستا بە خزمەت بە خەڵکی کوردستان و خەباتە ڕەواکەیان و چ وەکوو پیشمەرگەیەکی فیداکار ڕۆڵ و دەوری بەرچاوی لە خەبات دژی دەسەڵاتی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی و کۆنەپەرەستیدا هەبوو. لە شەڕی بەرگری بەرانبەر بە هێرشی حکوومەتی ئێران بۆ سەر کوردستان مەلا عومەر بەرپرسی دەستەیک پێشمەرگە بوو و سەربەرزانە ئەو ئەرکەشی ڕاپەڕاند.

مەلا عومەر کەسایەتییەکی بەهێز و جێگەی بڕوای هاوڕێیان و دۆستانی بوو و لە دۆستانی نزیک و دڵسۆزانی کۆمەڵە بوو و لە هیچ هەوڵێک بۆ خزمەت بە خەڵکەکەی و بزووتنەوەکەیان کۆتایی نەکرد. بەداخەوە مەلا عوومەری عەسری وەکوو زۆرێک لە خەباتکارانی لە مێژینەی کوردستان بە ئاوات نەگەیشت و لە دوورە وڵات ماڵاوایی لە ژیان کرد بەڵام ئاواتەکانی زیندوون و یادیان لە بەربەیانی شادی ئازادیدا وەکوو گوڵێکی سوور دەدەین لە قوببەی سەرتاجی خۆشەویستترین گوڵەکانی کوردستان.

لەدەستدانی کاک عومەری عەسری خەسارێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و جێگەی بەتاڵیان لە دڵی هەمووماندا هەست پێدەکەین. لە لایەن کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە سەرەخۆشی لە کەس و کار و ئازیزان و هاوڕێیانی کاک عومەر دەکەین و خۆمان بە بەشداری ئەو خەمە گەورەیە دەزانین. هاوخەمیی تایبەتی خۆمان بە وەجیهە خانمی هاوسەر و منداڵاکانیان کەژاڵ و لەیلا و هیوا و کاک مەلا عوسمانی برای ڕادەگەینین و هیوای سلامەتی و تەمەندرێژییان بۆ دەخوازین.

**سکرتارییەتی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**٣٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوی**

## دواستوون

### نۆشینی جامی ژەهر، بەستەڵەکەکان ناتوێنێتەوە!

عەزیز ئاجیکەند

وادیارە بەستەڵەکی گەورەی نێوان ئامریکا و ئێران، نە بە دانوستان دەتوێتەوە و نە بە بزەی دیپلۆماسی. دروست بوونی گرژی و توندبوونی لێدوانەکان و هەڵکشانی سەر لە نوێی ململانێکان، دانیشتنی خولی چوارەمی هەڵوەشاندەوە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە مەودای داخوازییەکانیان ئێجگار لە یەک دوورن. هۆکاری دواکەوتنی خولی ئەم جارە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرنامەی مووشەکیی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە. تەنیا سێ ڕۆژ بەر لە دانوستانی سێهەم، سزا نوێیەکانی ئەمریکا بۆ جارێکی تر بەرنامەی مووشەکی ئێرانی کردەوە ئامانج. کە سزای ئەمجارە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تەقینەوەی چەن ڕۆژی ڕابردووی بەندەری عەباسەوە هەیە. تەقینەوەکە کە بەسەدان قوربانی لێکەوتەوە جۆرێک لە سووتەمەنی ڕەق بووە کە بۆ بەرهەم هێنانی مووشەکە بالیستیکەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە. هەتا دێت گوشارەکان بۆ سەر ئێران زیاد دەکەن ڕووداوەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دانوستانیش فریای خامنەیی و دەسەڵاتەکەی ناکەوێ. ئامریکا و تەنانەت وڵاتانی ڕۆژئاواش ئێرانی ئەتۆمیان ناوێ.

دارشتنەوە و گۆڕینی بینای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکوو مەیڵی سەرەکی ئامریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی لەناوچەکە لەوانە ئیسرایڵ، شتێک نییە بە بزەی دیپلۆماسی چارەسەر بێ. ئامریکا و هاوپەیمانانی دەوڵتانی سەرپێچ و ئاژاوەگێریان ناوێ. هەتا ئێرە ئێران باشی لێ حاڵی بووە. وەدەشزانێ دەبێ ملکەچی ئەو خواستانە بێ کە ئامریکا مەبەستیەتی. ڕووسیە بە کردەوە خەریکی لادانی گرژیەکانی خۆیەتی لەگەڵ ئامریکا وئەوەش بە دڵی ئێران نییە و وڵاتی چینیش بە بەهێز کردنی پێگەی خۆی هەم لە ناوچەکە و هەم لە ئاستی دونیا، نیشانی داوە کە ناخوازێ بەرژەوەندییە جیهانی و ناوچەیەکانی بە خاتری ئێران بخاتە مەترسییەوە. ڕووداو و پێشهاتەکان لە ماوەی ١٢ ساڵی رابردوودا بە تایبەتی شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە "بەهاری عەرەبی" دەناسرێن، وێڕای ئەوەی ڕواڵەتی راستەقینەی ناوچەکەیان گۆڕی، نەشیان توانی دیمۆکراسی و ئازادی لە ناوچەکە سەقامگیرکەن و بوون بە مایەی ماڵوێرانی هەم بۆ جەماوەر هەم بۆ وڵاتەکەیان. دەسەڵاتداران وێڕای ئەوەی کە سەرەڕۆتر بوون و لە جەماوەر زیاتر دابڕان و بوون بە قەسابی گیانی خەڵک بەڵام لە ئاست سیاست و مانفیستی ئامریکا لە ناوچەکەدا ڕێگەی ملکەچ بوونیان هەڵبژارد تا بەسەر ئێشەیەکی کەمەوە هەم دڵی ئامریکا رازی کەن و هەم درێژە بەدەسەڵاتیان بەن و هەم سەرکوتی ناوخۆیش پەرە پێبدەن. بەهاری عەرەبی و کێشە ئابورییەکانی دوای داشکاندنی ئابوری جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ئەمەریکا ڕەخساند تا پەرە بە هێژموونی خۆی لە ناوچەکە بدات و بەم شێوەیە زۆرترینی وڵاتەکان بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام هەبوون وڵاتانێکیش کە بەدڵی ئامریکا نەجووڵانەوە و بەربەستی جیدیان بۆ ئامریکا و هاوپەیمانانی لەناوچەکە دروست کرد و دواجاریش کۆتایی بە دەسەڵاتەکەیان هات. ئەم ڕووداوانە بوون بە مایەی دەرس و ئەزموون بۆ ئێران. کۆماری ئیسلامیی دەزانێ کە دانووستانەکان تەنیا بە پرسی ئەتۆمی سنووردار نابێت. هەموو ڕووداوەکان باس لەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامیی هەڵبژاردەیەکی تری لەبەردەستدا نییە. هاوسەنگی هێزیش لە ناوچەکە بەتەواو مانا بە زیانی خۆیەتی. کەواتە دەبێ ملکەچ و سەرپێچی ئەو خواست و داواکاریانە بێ کە لە سەرمێزی دانوستان ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئامریکاش بێ ترس نییە و خوازیاری ڕێکەوتنە لەگەڵ ئێران. ئامریکاش نایهەوێ هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا زەرەر و زیان ببین و لە ئەگەری هێرشی نیزامیدا لە لایەن ئێرانەوە بکرێنە ئامانج. کۆماری ئیسلامیی دەستی ئامریکای خوێندۆتەوە و دەزانێ ئامریکا دەم و دەست خوازیاری وەشاندنی گورزی سەربازی نییە. کەواتە دەیهەوێ کات بکوژێ.

خامنەیی دەستی بەتاڵە و هیچ ڕێگایەکی بێجگە لە تەسلیمبوون و سازش و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا نیە. هەڕەشەکانی ئەمریکا جیدین و پەیامی ڕوونیان بۆ ئێران هەیە. بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. تەقینەوەکەی بەندەری ڕەجایی شار ئەوەی بە باشی سەڵماند. بە کورتی ئامریکا دەیهەوێ بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران لە زووترین کاتدا بوەستێ. پڕۆژەی بەرهەمهێنانی مووشەکی دوورهاوێژ ڕابگرێت و دەست لە پشتگیری گرووپە توندئاژۆکانی نەیاری ئامریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە هەڵگرێ و حەشدی شەعبی بەتەواوەتی لە عێراق هەڵوەشێنێتەوە. مەرجەکان و خواستەکانی ئامریکا ڕوونن. ئەگەر ئێران ئەم خاڵانە جێبەجێبکات لەوانەیە گەمارۆکان هەڵگیرێن و دوور نیە کۆتایی بە گۆشەگیری سیاسی و دیپلۆماسی ئێران بێت و هەڕەشەی "هێرشی سەربازی"یش نامێنێ.